# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

**پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان**

**هەولێر (26-27)ی 12/2013**

**دەستپێک**

**بەشی یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق**
تەوەری یەکەم: چەسپاندنی بنەماکانی فیدرالیزم
تەوەری دوەم: بەرکەوتی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا
تەوەری سێیەم: بەشداریی گەلی کوردستان لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا

**بەشی دوەم: لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**
تەوەری یەکەم: ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان
- ئامانجە نیشتمانیەکان
- ئامانجە دیموکراتیەکان
- بەیاساییکردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان
- سنوردارکردنی قەبارە و جوڵەی حیزبی سیاسی
- کاراکردنی پەرلەمان و حکومەت
- بەنیشتمانیکردنی دامودەزگا سەربازی و ئەمنیەکان

تەوەری دوەم: سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان
- رۆشنکردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی
- سامانی سروشتی و دانانی سندوقی نەوەکان
- بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی
- هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری

تەوەری سێیەم: ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری
- چاکسازی لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا
- چاکسازی لە سیستمی تەندروستی و ژینگەپارێزیدا
- هاندانی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی
- ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان
- وەرزش وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ گەشەپیدان و تەندروستی هاولاتیان

تەوەری چوارەم: دادی کۆمەلایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی
- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی رێژەی هەژاریی و بێکاری
- پێگەیاندنی منداڵان و نەوجەوانان
- کارکردن بۆ چارەسەرکرنی کێشەی گەنجان
- دادی کۆمەلایەتی و یاسایی لەنێوان هەردو رەگەزدا

- هاوکاریکردنی پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیایی.
- هاوکاریکردنی قوربانیانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان
- چاککردنی سیستمی خانەنشینی
- هاوکاریکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان
- چاودێریکردن و هاوکاریکردنی پەککەوتە و بەساڵاچوان
- دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران
- پشتیوانیکردنی هەردو توێژی کرێکاران و جوتیاران
- دابینکردنی کەشێکی گونجاو بۆ بازرگان و کاسبکاران
- بایەخدان بە رەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات

**بەشی سێیەم: لەسەر ئاستی پارێزگاکان**

تەوەری یەکەم: چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی

تەوەری دوەم: کاراکردنی رۆڵی شارەوانیەکان

تەوەری سێیەم: پلانسازیی بەگوێرەی تایبەتمەندیی پارێزگا و شارەوانیەکان

**دەستپێك**

بـزوتنەوەی گـۆڕان بزوتنەوەیەکـی سیاسـی و مەدەنـی سـەردەمیانەیە، لە گردبـونەوەی کەسانێك پێکدێت، کە بەرنـامەیەکی سیاسی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە. کۆشش دەکات لەڕێـی هەڵبژاردنـی دیموکراتییـانەی ئـازاد و کێبڕکێـی ئاشـتیانە وبەدەسـتهێنانی متمـانە و دەنگـی هاوڵاتیان و نوێنەرایەتیکردنیان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە دامەزراوەکانی فەرمانڕەواییدا.

1. بـزوتنەوەی گـۆڕان هێزێکـی سیاسـی مەدەنـی سـەردەمیانەیە: گـۆڕان خوازیـارە لەڕێگـای وەرگرتنـی دەسـەڵاتەوە گۆڕانکـاری لە شـێوازی حـوکمکردنلە هەرێمـی کوردسـتاندا بهێنێتـە ئـاراوە، بە ئامـانجی خزمەتکردنـی خەڵکـی کوردسـتان. ئەو ڕێگایەی گۆڕان هەڵیبژاردوە بۆ گەیشتنەدەسەڵات ڕێگایەکی مەدەنی، دیموکراسی، سەردەمیانەیە.بزوتنەوەی گۆڕان هێزێکی گۆڕانخوازەو هەوڵدەدات نوێخوازی و چاکسـازی ریشـەیی لە سیسـتمی سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایەتیـدا ئەنجـام بدات.مەدەنی بونی گۆڕان واتەخۆدورگرتنی لە بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گەیشتنە دەسەڵات.

2. بزوتنەوەی گۆڕان هێزێکـی نـا ئایـدیۆلۆژییە: بـزوتنەوەی گۆڕان کـار ناکـات بـۆ سەرخسـتنی ئایـدیۆلۆژیایەکی دیـاریکراو. سیاسـەت و هـێڵە گشـتییەکانی خـۆی لەچوارچێـوەی بەرنـامەی سیاسـی (هەڵبـژاردن)دا دەخـاتەڕو، بەبـێ ئەوەی خـۆی ببەسـتێتەوە بە ئایـدیۆلۆژیایەکی بەرتەسـك و مەزهەبێکـی سیاسـی دیـاریکراوەوە. بـزوتنەوەی گۆڕان بـاوەڕی تەواوی بەبنەماکـانی دیموکراسـی و مـاف و ئـازادییە مەدەنـی و کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و سیاسـییەکان هەیە و ڕێـز لە بەهـا ئـاینی و نیشتیمانییەکان دەگرێت. لێرەوە ئاساییە ئەندامان و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەکە وەك ئەندام، هەڵگری بیروبـاوەڕ و بیرکردنەوەی جیـاواز بن لە ژیـانی تـایبەتی خۆیانـدا. هاوکـات هێڵـی گشـتی بـزوتنەوەکە هێڵێکـی مەدەنیـانەیە و کـار لەسـەر پرسـە کوردسـتانی، نیشـتیمانی، خزمەتگوزارییەکـان و ڕەخسـاندنی دەرفەتـی یەکسـان بـۆ هەمو هاوڵاتییـان دەکـات بەبـێ هیچ ڕێگری و بەربەسـتی ڕەنـگ، سیاسـی، ئـاینی، نەتەوەیـی، زمـانی و جێنـدەر. بـزوتنەوەی گـۆڕان هەوڵـدەدات دامەزراوەکـان کـار لەسـەر پرنسـیپی هـاوڵاتیبونی یەکسـان (المواطنـة المتسـاویة) بـکەن. هەروەهـا کـارکردن بە چەمکـی نـوێی دادپەروەری،ڕەخسـاندنی دەرفەتـی یەکسـان بـۆ هەمـو تاکەکان بەبێ جیاوازی.بزوتنەوەی گۆڕان هەڵگری هیچ ئایدیۆلۆژیایەك نییە، بەڵام کۆمەڵێـك پرنسـیپی سیاسـی گرنـگ کارەکـانی ئاراسـتە دەکـات، لەوانە دادی کۆمەڵایەتی، جاڕنامەی گەردونـی مافەکانی مرۆڤ، رونـی سیاسـی، جیاکردنەوەی

دەسەڵاتەکان لە یەکتری، دەسەڵاتی یاسا، بەمانا راستەقینەکەی، دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی کۆمەڵگای مەدەنی، چالاککردنی گفتوگۆی ئازاد لە فەزای گشتیدا، دابینکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەمو هاوڵاتیانی کوردستان، بەبێ پاشخانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەتنی و دینی و ناوچەیی.

3. گۆڕان بزوتنەوەیەکی دەنگدەر و پەرلەمانییە: سیاسەت و تێڕوانینەکانی بزوتنەوەی گۆڕان رەنگدانەوەی داخوازییەکانی دەنگدەرانە (خەڵك) و هەڵقوڵاوی پێداویستیەکانی کۆمەڵگایە، بەو ئامانجەی زۆرترین پشتگیری دەنگدەران بەدەست بهێنێت. گۆڕان کار لەسەر پرۆژەی هەڵبژاردن و چاککردنی ژیانی خەڵکی دەکات، نەوەك حیزبی کادیر و ئۆرگانی زۆر. لەم روانگەیەوە، گۆڕان هاوڵاتیانی کوردستان سەرقاڵ ناکات بە حیزبایەتی و کاری حیزبایەتیەوە، هاوکات هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە ماف و ئەرکەکانیان و هاندانیان بۆ دەنگدان لەسەربنەمای کارنامە و چاودێریکردنی دەسەڵات بە ئەرکێکی خۆی دەزانێت. ئەم خاڵە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت کە رۆڵی بێزارکەری حیزب و کادیرەکانی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئیداری نەمێنێت. ئەزمونی حیزبە تەقلیدییەکانی کوردستان ئەوەیان نیشانداوین، کە زۆری بارەگا و کادیری بێکاری حیزبەکان بوەتە هۆی دەستتێوەردان لە کاروباری دامەزراوەکانی حکومەت و زەقبونەوەی حیزبایەتی و ناشیرینکردنی سیاسەت و سیاسی لە لای خەڵکی.

## بەشی یەکەم
## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
## لەسەر ئاستی عێراق

### تەوەری یەکەم:

### چەسپاندنی بنەماکانی فیدرالیزم

قەیرانی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق یەکێک بوە لەو قەیرانە ئاڵۆزانەی، کە لە دروستبونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، هەڕەشەی لە قەوارەی کوردستانی باشور و بەرهەمی شۆڕش و قوربانیەکانی گەلی کوردستان کردوە. زۆرجار ئەوەی گەلەکەمان بە شۆڕش و قوربانیدان بەدەستی هێناوە، لەسەر مێزی دانوستان، یان لە پەیوەندی ژێربەژێر و ناڕۆشنی سەرکردە و شاندە کوردیەکان لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا، لەدەستچوە یان سازشی لەسەر کراوە.

هەرچەندە لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە سەرکردەکانی هەرێم بە هەمو قورسایی خۆیانەوە لە بەغدا ئامادەن، چەندین پۆستی سەرۆکایەتی، سیادیی، وەزاریی و ئەمنی هەستیاری حکومەتی عێراقیان وەرگرتوە، کەچی پەیوەندیی هێزە کوردستانیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هێزە عێراقییەکاندا بەردەوام لە پاشەکشە و ئاڵۆزبوندایە. تائێستا لایەنی کوردی لە بەغدا نەیتوانیوە شەراکەتی سیاسی رۆشن لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا بنیات بنێت، نەیتوانیوە گوشار بەئاڕاستەی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەستەبەردەکەن.

لەبری ئەوەی لایەنی کوردی گوشار و ململانێ بە ئاڕاستەی چارەی پرسە هەڵپەسێردراوەکان بخاتەگەڕ، کە پەیوەندیدارن بە خاک و مافی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ستراتیجی گەلی کوردستانەوە...، کەچی زۆربەی ململانێکانی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجە و وەرگرتنی پۆستی باڵا بوە. لایەنی کوردیی لەو ململانێیەدا نەیتوانیوە قەناعەت بە بەغدا بکات سەبارەت بە رەوایەتیی داواکانی، تەنانەت نەیتوانیوە قەناعەت بە رای گشتی کوردستانیش بکات کە لەسەر مافی هەرێم ململانێ دەکات. سەرەنجام ئەدای خراپی نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا زیانی بە کۆی دۆزی گەلی کوردستان گەیاندوە.

بزوتنەوەی گۆڕان پێیوایە کیشەی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لە بەغدا یەکێکە لەو کێشە راستەقینانەی، کە هەڕەشە لە قەوارەی هەرێم و مافی چارەنوس و مافە دەستوریە بەدەستهاتو و بەدەستنەهاتوەکان دەکا. بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ئەو قەیرانە تەنها بە هەڵبژاردنی روکەشی نوێنەرانی هەرێم لە بەغدا، بە لۆجیکی زۆرینەوە کەمینە یان بەپێی رێکەوتنی نارۆشنی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، چارەسەر نابێ... بەڵکو پێویستی بە میکانیزمێکی گونجاوە، کە ماف و بەرپرسیارێتی و سنوری دەسەڵاتی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا و هەرێم دیاری بکا.

بەئامانجی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا لەپێناو:

1. بەدەزگاییکردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، دیاریکردنی ژێدەر (مەرجەعیەت)ی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە بەغدا، بەنیشتمانیکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی لەبارەی شەڕو ئاشتی، ململانێ و دانوستان، توندکردن یان نەرمی نواندن و رێکەوتن لەگەڵ بەغدا و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تری عێراقدا.

2. جگە لەو پرسانەی کە پێویستیان بە ریفراندۆمی میللی هەیە، یان لە سنوری دەسەڵاتی دیاریکراوی نوێنەرانی هەرێمدان لە بەغدا، دۆسیەی پرسە ستراتیجیەکانی هەرێم لە پەیوەندیدا بە حکومەتی فیدراڵەوە بسپێردرێ بە پەرلەمانی کوردستان. پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێ بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات، مافی ئەوەی هەبێ لەکاتی پێویستدا بیانخاتە راپرسیەوە، یان بە سازانی نیشتمانی لەنێوان ئەو هێزانەی کە نوێنەرایەتیان لە پەرلەماندا هەیە بڕیاریان لەسەر بدا.

3. بەپیشەییکردن و بەیاساییکردنی ئەرکی دانوستان و چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا، لەڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێ، ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی بێ لە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و داکۆکیکردن لە ئیستحقاقی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەو شێوەیەی لە دەستوری عێراقدا هاتوە.

4. ئارشیفکردن و بەدۆکیۆمێنتکردنی دانوستان لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردستان و حیزبە کوردیەکان و نوێنەرانی حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی عێراق لەمێژوی دورو نزیکدا.

5. ئامانج لە بەنیشتمانیکردن و بەدەزگاییکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بریتیە لە:

- دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا، رێزگرتن لە دەسەڵاتە حەصریەکانی حکومەتی فیدراڵ، رێگری لە هەر پێشێلکارییەك بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە.

- دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان بەگوێرەی مادە تایبەتەکانی دەستوری عێراق و دۆکیۆمێنت و راستیە مێژویی و جوگرافیەکان، بەتایبەتی ناوچەکانی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر.

- دامەزراندنی بنەماکانی وتوێژێکی مەدەنی لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردستان و نوێنەرانی تورکمان و عەرەبو کلدۆئاشوریی لە ناوچە دابڕاوەکاندا، لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوون، هاوسێیەتی لە جوگرافیاو مێژودا، شەراکەت و بەرژەوەندیی یەك تەواوکار، دور لە دەمارگیریی، دور لە هەر جۆرە گوتارێك کە بۆنی شۆڤێنیزم و توندڕەویی لێبێت.

- کارکردن بۆ هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی و ئاینی لەسەر کوردی فەیلی و ئێزیدییەکان، بژاردنەوەی زەرەر و زیانەکانیان و پەرەپێدانی ناوچە ئەسڵیەکانی نیشتەجێبونیان لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەوە.

- هاوکاریکردنی نوێنەرانی هەرێم لە دەسەڵاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقدا، بەتایبەتی ئەوانەی بەپێی ئیستحقاقی نەتەوەیی پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاریی و ئەمینیان وەرگرتوە، چاودێریکردنی ئەداو شێوازی کارکردنیان و ئاستی پابەندبونیان بە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە.

**تەوەری دوەم:**

## بەرکەوتی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا

بەو پێیەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵە، گەلی کوردستان جگە لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن ئیستحقاقێکی تری هەیە کە ئیستحقاقی نەتەوەیی و ئیستحقاقی هەرێمە لەناو پەیکەرەی دەوڵەتی ئیتحادیدا، واتە پێویستە لە کۆی دەسەڵات و دامەزراوە ئیتحادیەکاندا بەرکەوتی گەلی کوردستان لە پۆست و بەرپرسیارێتی و ڕێژەی بەشداربونی هاوڵاتیانی هەرێم لە دامەزراوەکاندا مسۆگەر بکرێ.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بۆ:

- بنیاتنانی دەزگا و دامەزراوە ئیتحادیەکانی عێراق دور لە بەشبەشێنەی حیزبی و ناوچەگەری و تایەفەگەری، مسۆگەرکردنی بەرکەوتی عادیلانەی پێکهاتەکانی عێراق لەو دەزگا و دامەزراوانەدا بەبێ جیاوازی.
- ئەنجامدانی سازانی نیشتمانی بۆ ناونانی ئەو کاندیدانەی کە بەپێی ئیستحقاقی نەتەوەیی گەلی کوردستان پۆست لە بەغدا وەردەگرن، بەتایبەتی پۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و سەربازی و ئەمنیەکان.
- زامنکردنی بەشداریکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان، بەتێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە وەزارەت و دامەزراوە و دەستە ئیتحادیەکاندا لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی، دور لە بەشبەشێنەی حیزبی، بەتایبەتی لە وەزارەتی دەرەوە، باڵوێزخانە و کونسوڵگەریەکانی عێراق، نوێنەرایەتیەکانی هەرێم لە دەرەوە.
- هەڵبژاردنی کاندیدی شارەزا و تەکنۆکرات و سەربەخۆ بۆ دەستە سەربەخۆکان و پۆستە قەزاییەکانی دادگای فیدراڵ بەپێی سازانی نیشتمانی.
- چاککردن و گەشەپێدانی سیستمی ئەمنیی دەوڵەتی ئیتحادی و عەقیدەی عەسکەریی لەسەر بنەمای پاراستنی دەستور و پاراستنی پێناسی عێراق وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە.

- چەسپاندنی کۆڵەکەکانی دەوڵەتی قانون و بەرگرتن لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دور راگرتنی دەزگا ئەمنیەکان لە ئینتمای حیزبی و دەستەگەریی بەرتەسک.

- مسۆگەرکردنی بەشداریکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان، بەتێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە سوپای عێراق، وەزارەتی بەرگری، دامەزراوە فیدراڵییە ئەمنییەکان، هەیئەی ئەرکان، هێزی زەمینی و ئاسمانی و دەریایی.

- بەشدارپێکردنی سەرباز و پلەدارانی گەلی کوردستان لە هێزە چەکدارەکان و سوپای فیدراڵدا بۆ راگرتنی هاوسەنگیی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا وەك لە مادەی نۆیەمی دەستوردا هاتوە.

- رێکخستنی هێزی پێشمەرگە، مەشق پێکردن و چەکدارکردنی بەشێوازی هاوچەرخ، بودجەی پێویستی وەک بەشێک لە سیستمی بەرگریی دەوڵەتی فیدراڵ بۆ دابین بکرێ لە چوارچێوەی هێزی پاسەوانی هەرێم و هێزی پاسەوانی سنور، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی مونتەسیبەکانی بۆ ئاستی مونتەسیبەکانی سوپای نیزامیی عێراق.

- دەرکردنی یاسا فیدراڵییەکان و دامەزراندنی "ئەنجومەنی فیدراڵ" وەك لە هەردو مادەی (62) پەنجاو هەشت و (65) شەست و دوی دەستوردا هاتوە.

- کاراکردنی رۆڵی دادگای فیدراڵ، دور لە بەشبەشێنەی حیزبی و دەستێوەردانی سیاسی.

- دامەزراندن و خستنەگەڕی دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتی فیدراڵ و دەستەی راژەی فیدراڵ بۆ بەرگریکردن لە بەرکەوتی دارایی و کارگێڕیی خەڵکی کوردستان، وەك لە هەردو مادەی (104) سەدو سێ و (107) سەد و چواری دەستوردا هاتوە.

**تەوەری سێیەم:**

## بەشداریی گەلی کوردستان لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا

پتەوکردنی بنەماکانی سیستمێکی دیموکرات و فیدراڵ، کە زەمانەتی مافی هەمو پێکهاتەکانی عێراق بکا، رێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەگەری زیندوبونەوەی دیکتاتۆریەت و شۆڤینیزم بکا...، پێویستی بە جێگیرکردنی بنچینەی شەراکەتی راستەقینەیە لەنێوان پێکهاتەکاندا، پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراقە بەجۆرێک گەلی کوردستان، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی خاوەن خاک، بەشداری لە دانانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا بکا، بەتایبەتی لەو جومگانەدا کە پەیوەندیدارن بە سیاسەتی ئەمنی و بەرگریی، دیبلۆماسیەت و کاروباری دەرەوە، پلاندانان و سیاسەتی دارایی، سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی.

لەدوای روخانی بەعسەوە تائێستا، جگە لەپۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاریەکان، چەندین مەلەفی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق، بەردەوام یان ناوبەناو، سپێردراون بەوەزیر و بەرپرسە کوردەکان وەك مەلەفی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە، مەلەفی پلاندانان و دارایی، مەلەفی سامانی ئاو و کاروباری ئەرکانی سوپا و چەندین مەلەفی گرنگی تر. بەڵام ئەو وەزیر و بەرپرسانە نەیانتوانیوە بەشدارای لەدانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقدا بکەن و لەداڕشتنی ئەو سیاسەتانەدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن.

لەم روانەگەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بۆ چالاککردنی رۆڵی هەرێمی کوردستان لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقدا لەپێناو:

- جێگیرکردنی پرەنسیپەکانی سیستمی دیموکراتی فیدراڵ لەسەر بنچینەی شەراکەتی راستەقینە لەنێو پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا لە بوارەکانی بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵ و وەرگرتنی بڕیارە ستراتیجییەکان و دابەشکردنی سامان بەشێوەیەکی عادیلانە.

- بەرەنگاربونەوەی تەنگبینی، تیرۆر، رەگەزپەرستی و دەمارگیری، هەڵگرتنی جیاکاری لەنێوان هاوڵاتیاندا لەسەر بنەمای نەتەوە، ئاین، مەزهەب، بیروباوەڕ، رەگەز، ئینتیمای حیزبی و پایەی کۆمەڵایەتی.

- چەسپاندنی زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لەسەر ئاستی عێراق لە دامەزراوە فیدراڵییەکان و لەو کاروبارانەی کە دەستوری عێراق دیاری کردون.

- زامنکردنی بەشداریی خەڵکی کوردستان، بە تێکڕای پێکهاتەکانیەوە، لە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، نوێنەرایەتیەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆمکاری عەرەب و رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا.

- دامەزراندنی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان لە باڵوێزخانە و کونسوڵگەریەکانی عێراق و کاراکردنی رۆڵیان دور لە بەشبەشێنەی حیزبی تەسک.

- کاراکردنی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەئاراستەی ناساندنی عێراق بە جیهان وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە، ناساندنی ئەو تاوانانەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتدا دەرهەق بە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی ئەنجامدراوە وەک جینۆسایدو تاوان دژ بە مرۆڤایەتی، بەتایبەتی تاوانەکانی ئەنفال و خاپورکردن و کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان.

- بایەخدان بە رەوەندی عێراقی لە دەرەوەی وڵات، خۆشکردنی زەمینەی کۆچی پێچەوانەی ئارەزومەندانە بۆیان، بەتایبەتی بۆ زانا و پسپۆڕ و شارەزاکانیان، لە پێناو بەشداری پێکردنیان لە دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابوری و زانستی و مرۆیی وڵاتدا.

- زامنکردنی پشکی کوردستان لە پرۆژە ستراتیجیە فیدراڵیەکانی کەرتی گواستنەوەی زەمینی و ئاسمانی و هێڵی شەمەندەفەر، کەرتەکانی نەوت و گازو کانزا و ئەمبارکردنی ئاو.

- کاراکردنی رۆڵی (دامەزراوەی گشتیی چاودێری و تەرخانکردنی داهاتە فیدراڵییەکان) لەپێناو دابینکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بەخشیش و کۆمەک و داهاتە داراییە فیدراڵییەکان و زامنکردنی رۆشنی و عەدالەت، هەروەکو لە دەستوری هەمیشەیی عێراق دا هاتوە.

- پێرەوکردنی پرەنسیپی رۆشنی لە مامەڵەکردن لەگەڵ بودجەی گشتی، لەبوارەکانی: وردەکاریەکانی بودجە، سەرچاوەکانی و چۆنێتی خەرجکردن و دابەشکردنی بەسەر کەرتە ئابوریيەکان و ناوچەکان و هەرێمەکاندا.
- پەرەدان بە کەرتەکانی ئابوری و بەڕێوەبردنی گشتی و سامانی گشتی، رزگارکردنیان لە پاوانکردن و گەندەڵی. هاندانی وەبەرهێنان و تەکنەلۆجیای زانیاری و پێشخستنی کەرتە بەرهەمهێنەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی، سامانی ئاژەڵ، هاندان و پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار.
- دانانی پلانی ستراتیجی بۆ چاککردن و نوێکردنەوەی کەرتەکانی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن.
- جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیجی لە بوارەکانی رێگاوبان، نیشتەجێکردن، هێڵی شەمەندەفەر، کارەبا، نەوت، گاز ، ئاو و ئاوەڕۆ، پرد و بەنداودا.
- کارکردن بۆ نەهێشتنی هەژاری و قەیرانی بێکاری لە رێگەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ هاوڵاتیان و ئەنجامدانی پرۆژەی بوژاندنەوە و پەرەپێدان، تەرخانکردنی پارەی پێویست بۆیان لە بودجەی ئیتحادی.
- قەرەبوکردنەوەی ئابوریی ئەو ناوچانەی بەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، ئەنفال و کیمیاباران و خاپورکاری کەوتون و سەرلەنوێ دروستکردنەوەیان بەشێوەیەکی هاوچەرخ.
- پاراستنی ژینگەو کارکردن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆشنبیریی ژینگەپارێزی سەبارەت بە مەترسیەکانی پیسبونی ژینگە، بەبیابانبون و سوێربونی زەوی، پاراستنی سروشت، فراوانکردنی روبەریسەوزایی و قەدەغەکردنی ژاکاندنی سروشت.

## بەشی دوەم
## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
## لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

**تەوەری یەکەم:**

### ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان

بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمانی ئینتما بۆ نیشتمانی کوردستان دامەزراوە، کوردستانیبون لەدیدی بزوتنەوەی گۆڕاندا ناسنامەیەکی کۆکارە، هەمو هاوڵاتیەکی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە کە دانیشتوی هەرێم بێت، سەر بە هەر نەوتەوە و پێکهاتەیەکی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبی بێت.

بزوتنەوەی گۆڕان ئامانجی نیشتمانی لە ئامانجی دیموکراتی جیاناکاتەوە، بنیاتنانی قەوارەی کوردستان لە بنیاتنانی قەوارە و کەسایەتی تاک جیاناکاتەوە. دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز، کە بەرگەی هەڕەشە دەرەکیەکان بگرێت، بە ئازادکردنی تاك و چەسپاندنی سیستمی دیموکراتی لە ناوخۆدا دەستپێدەکات، چونکە نەتەوەی ئازاد بەرهەمی مرۆڤی ئازادە، تا بڕی هەستکردنی مرۆڤ بە ئازادیی و دادپەروەریی لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتربێت، پەیکەرەی کۆمەڵایەتی و قەوارەی نیشتمانی بەهێزترە و توانای بەرەنگاربونەوەی زیاتر دەبێت.

وەفاداریی بۆ رەنج و قوربانیدان و گیانبەخشینی گەلەکەمان لە مێژوی دورو نزیکدا، ئەوە دەخوازێت کە بەری رەنج و قوربانیدان و گیانبەخشین، بەیەکسانی، بەسەر هەمو هاوڵاتیانی کوردستاندا دابەش ببێت و هیچ کەس و لایەنێك بۆی نەبێت بەتەنها خۆی بکاتە خاوەنیان. پاوانکردنی بەرهەمی سەروەرییەکانی رابردو، پاوانکردنی پیرۆزیەکانی گەلەکەمان، لەلایەن هەر هێزو کەس و خێزان و بنەماڵەیەکەوە بێت، دژی سەرەتاکانی دیموکراسی و نیشتمانپەروەرییە.

بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر بنەمای هاوڵاتیبون مامەڵەیەکی یاسایی و دیموکراتی لەگەڵ چەمکی نیشتمان و نیشتمانپەروەری دەکا، هاوڵاتیانی کوردستان سەر بە هەر ناوچە و خێڵ و پێکهاتە و بنەماڵەیەک بن، لە هەر تەمەنێکدا بن و سەر بە هەر رەگەزێک بن، هەڵگری هەر فیکر و عەقیدەیەک بن، خاوەنی هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و هەر پیشێنێکی سیاسی بن، لەبەردەم یاسا و لەبەجێهێنانی ئەرک و زامنکردنی مافەکانیاندا یەکسانن.

ئازادی گەلی کوردستان و مافی بڕیاردانی چارەنوس و سەربەخۆیی کوردستان لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە ئامانجێکی باڵاو ستراتیژی بزوتنەوەی گۆڕانە.

**لەدیدی بزوتنەوەی گۆڕانەوەسەربەخۆیی کوردستان:**

1. پێویستی بە بەنیشتمانیکردنی دامەزراوەکانی هەرێم و پاککردنەوەی هەمو ئەو دامەزراوانەیە لە وەلائی حیزبی و شەخسی و بنەماڵەیی. هاوکات پێویستی بە پەیمانێکی نیشتمانی نوسراوە لە شێوەی دەستور و کۆمەڵێك یاسادا، کە کۆدەنگی نیشتمانییان لەسەر بێت، بەئامانجی ڕێکخستنی پرۆسەی سیاسی و ڕێکخستنی پەیوەندی و ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان، لە سایەی کۆمەڵێك دامەزراوەی نیشتمانیدا، وەك ئیدارەی نیشتمانی، سوپای نیشتمانی، ئاسایشی نیشتمانی و دادگای نیشتمانی، کە دامەزراوەی هەموان بن.
2. پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخانی ئابوری و دابینکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتییە لەنێوان چین و توێژ و ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا، بەجۆرێك هەمو تاکێکی هەرێمی کوردستان هەست بە لانی کەمی دادی کۆمەڵایەتی و دادی ئابوری بکات، هەست بەبونی دەرفەتی گونجاو و یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن و سودوەرگرتن لە بودجەی گشتی و سامانی سروشتی نیشتمانەکەی بکات. ئەمەش پێویستی بەگەڕاندنەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگار و ناوچە کوردستانییە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێم. کوردستانی سەربەخۆ بەبێ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە (کە نزیکەی نیوەی خاکی هەرێم دەکات) کیانێکی دابەشبو و ناتەواوی لێ دروست دەبێت.
3. پێویستی بەدامەزراوەی مەدەنی و ڕۆشنبیری، زمانی فەرمی، میدیای نیشتمانی و زانکۆی نیشتمانییە، هەروەها پێویستی بە ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە، بەجۆرێك تاك لە ئینتمای خێڵەکیی و ناوچەیی بەرتەسك دەرباز بێت و ببێتە خاوەن ئینتمایەکی ئاسۆیی بۆ گەل و نیشتیمان.

سەبارەت بەکێشەی ڕەوای کورد لە باکور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان هوشیارە لەئاست ئەو پەیوەندییە تێکڕژاو و ئاڵۆزەی کە هەرێمی کوردستان دەبەستێتەوە بە وڵاتانی دراوسێوە، لەئاست ئەو واقیعەی کە هەرێمی کوردستانی خستوەتە بەردەم دو ئەرکی جیاواز؛ لەلایەکەوە دەبێت پابەندی خزمایەتیی و هاوسۆزیی نەتەوەیی بێت لەگەڵ گەلی کوردی دابەشبو بەسەر ئەو وڵاتانەدا، لەلایەکیشەوە دەبێت وەك هەرێمێکی سەر بە کۆماری عێراقی فیدراڵ، پابەندی یاسا نێودەوڵەتیەکان بێت و ڕێز لە سنور و سەروەریی ئەو وڵاتانە بگرێت. بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە گەشەدان بە دامودەزگا دیموکرات و سیاسیی و کولتوریی و نیشتمانیەکانی ناوخۆی

هەرێم، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ دەرەوە لەسەر بنەمای هاوسێیەتی هاوبەش و بەرژەوەندیی هاوبەش، دور لە بەکارهێنانی زمانی روپامایی ساختە یان هەڕەشەی وەهمی، زەمانەتێکی سیاسیی و یاساییە بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەو وڵاتانە سەبارەت بە ئاشتیخوازیی قەوارەی هەرێم، لە هەمان کاتیشدا ئیلهام دەبەخشێتە کوردانی ئەو وڵاتانە تا خەباتی دیموکراتی لەپێناو هاتنەدیی ئامانجەکانیان پێڕەوبکەن، بەو جۆرەی خۆیان بڕیاری لەسەردەدەن، بێئەوەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق مافی دەستێوەردان و بڕیاردانیان لەوبارەیەوە هەبێت.

بنیاتنانی هەرێمێکی بەهێز پێویستی بە نیشتمانیکردنی دامودەزگاکانە، بەتایبەتی دامودەزگا سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکان، بۆئەوەی ببنە ئامرازی بەرگریکردن لە خاك و قەوارە و دابینکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان، نەک ئامرازی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی حساباتی سیاسی و حیزبی و سیخوڕیکردن بەسەر هاوڵاتیانەوە. راستیەک کە ناتوانین بازی بەسەردا بدەین ئەوەیە کە تائێستا سیستمی ئەمنی لە هەرێم سیستمێکی نادیموکرات و نامەدەنیە، تائێستا هێزی چەکدار و دەزگای نهێنی، لەبری ئینتیما بۆ نیشتمان و گەل، ئینتیمایان بۆ حیزب، لەناو حیزبیشدا ئینتیمایان بۆ دەستەو گروپی نهێنی، لەناو ئەوانەشدا ئینتیمایان بۆ کەسانی دەستڕۆیشتو هەیە.

بزوتنەوەی گۆڕان لەو بڕوایەدایە دڵسۆزیی بۆ نیشتمان بە دروشمبازی و بەشینەوەی تۆمەت و ترس بەسەر بەرهەڵستکارانی سیاسیدا دروست نابێ، بەڵکو پێویستی بە گۆڕینی ریشەیی سیستمی سیاسییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و پەرلەمان و دادوەرییە، پێویستی بەنیشتمانیکردنی هێزە چەکدارەکان و دامودەزگاکانی ئاسایشە. پێویستی بە سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەی ئەو دامەزراوە و هێزانەیە بەجۆرێك ببنە قەڵغانی پاراستنی قەوارەی نیشتمانی، کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەتی یاسا و سیستمی دیموکراتی.

**لەم سۆنگەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان خەبات دەکا لەپێناو:**

1. بەدیهێنانی "ئامانجە نیشتمانیەکان" لەڕێگای:

- تێگەیشتنێکی نوێ بۆ چەمکی کوردستانیبون لەسەر بنەمای هاوڵاتیبون، بەجۆرێک هەمو دانیشتوانی کوردستان بگرێتەوە، سەر بە هەر نەتەوەو ئاین و مەزهەب و بیروباوەڕێکی سیاسی و ناسیاسی بن.
- پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی ئاسایشی نیشتیمانی و بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی رۆشن (شەفاف) لە پەرلەمان و دەزگا فەرمیەکاندا، دور لە زمانی دروشم و پاوانکردنی بەها نیشتمانیەکان، دور لە گوێرایەڵیی بەرتەسك بۆ تاکە سەرکردە، تاکە حیزب، تاکە گروپ و تاکە بیروباوەڕ.

- بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و ئاکارانەی کە ڕۆحی نیشتمانپەروەریی لاوازدەکەن، وەك تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا، ناڕۆشنی لە وەرگرتنی بڕیاری چارەنوسسازدا، ناوچەگەریی، خێڵگەریی، گەندەڵی، بێدادیی لە دابەشکردنی سامانی نیشتمانی و پۆست و بەرکەوتی هاولاتیاندا، لەنێوان بەرکەوتی شار و شارۆچکەو گوند و ناوچە جیاوازەکاندا.

- بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و ئاکارانەی کە جیاکاریی لەنێوان هاولاتیانی کوردستاندا دروستدەکەن، وەك جیاکاری لەسەر بنەمای سیاسی، حیزبی، پێشینەی شۆڕشگێڕیی، ناوچەیی، ئاینی، مەزهەبی، دەوڵەمەند و هەژار، گوندیی و شاریی، نێر و مێ، هاولاتیانی ناوخۆ و ڕەوەندی هەندەران، نەوەی کۆن و نەوەی نوێ.

- پابەندبوون بە هەر بڕیارێکی نیشتیمانییەوە کە نوێنەرانی گەل لە پەرلەمانی کوردستان لەسەری ڕێکدەکەون لە ئاست کێشە چارەنوسسازەکاندا.

- دامەزراندنی پەیوەندیەکانی هەرێم بە دەرەوە لەسەر بنەمای ڕۆشنیی، لەڕێی کەناڵە یاسایی و دەستوریەکانەوە. یەکخستنی گوتاری فەرمی لەگەڵ دەرەوەدا، جیاکردنەوەی گوتاری حیزبی و دیدی شەخسیی سەرکردەکان لە گوتاری فەرمیی هەرێم.

- سازش نەکردن لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر.

- دانانی ستراتیجێکی ڕۆشن بە خستنەگەڕی هەمو هەوڵێکی دەستوری، پەرلەمانی، جەماوەری، سیاسی و مەدەنی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێم.

- زامنکردنی مافە نەتەوەیی و کلتورییەکانی تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوری لە دەستوری هەرێمی کوردستان و بەشداری پێکردنیان لە پۆستە باڵاکاندا.

- پەنابردن بۆ بایکۆتی سیاسی، کشاندنەوەی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە دامەزراوەکانی عێراق، خۆسازدانی جەماوەی، سیاسی، دیبلۆماتی و سەربازی لە کاتی هەر سەرپێچیەکی مەترسیداری دەستوری عێراق سەبارەت بە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان... ئامادەباشی فەرمی و میللی لە کاتی هەر سەرکێشیەکی سیاسی و سەربازی حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ سەر ئەو ناوچانە بە

ئامانجی پاراستنی خاکی هەرێم و گەلی کوردستان، بە کورد و تورکمان و کلدۆئاشوری و عەرەبی رەسەنەوە، لەو ناوچانەدا.

- بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤینی و نامەدەنی دەرهەق بە تورکمان، عەرەب، کلدۆئاشوری و هاوڵاتیانی سەر بە نەتەوە و ئاینەکانی تر لە کوردستاندا.

- سەلماندنی مافە سیاسی و کارگێڕی و کولتوریی و پەروەردەییەکانی تورکمان، عەرەب و کلدۆئاشورییەکان، دابینکردنی قوتابخانەی تایبەت بە زمانی دایك بۆ منداڵ و نەوە نوێیەکانیان.

- دابینکردنی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست کە تێیدا پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە نێوان موسڵمان و مەسحی و یەزیدی و کاکەیی مسۆگەر بکات.

- پەرەدان بە فەرهەنگی لێبوردەیی، پێکەوەژیان و گفتوگۆی ئاشتیانە لەنێوان هێزە سیاسییە کوردستانیەکان، لەنێوان ناسیۆنالیست و چەپ و ئیسلامی و لیبراڵ و دیموکراتەکاندا، لەنێوان کورد و تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوریدا، لەنێوان مسوڵمان و مەسیحی و ئێزدی و شەبەکدا، لەنێوان شیعە و سوننەدا، لەنێوان گروپە مەدەنی و رۆشنبیرییە جیاوازەکاندا، لەنێوان خاوەن بیروباوەڕە بەکۆمەڵەکان و خاوەن بیروباوەڕە فیکری و دنیایی و شەخسییە تایبەتەکاندا.

- بەرپەرچدانەوەی هەر گوتار و رەفتار و ئاکارێکی شۆڤینی و نامەدەنی دەرهەق بە گەلی کورد لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە.

- پێشکەشکردنی هاوکاریی کولتوری و سیاسی و دارایی پێویست بۆ کوردانی باکور و خۆرهەڵات و خۆرئاوای کوردستانی گەورە، لە چوراچێوەی نەریتە دیموکراتی و نێودەوڵەتیەکاندا، بەرەچاوکردنی مافەکانی هاوسێیەتی لەنێوان عێراق و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

- خستنەگەڕی چالاکی دیبلۆماسی هەرێم و پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و نێوەندە دیبلۆماسیەکانی جیهاندا بەئاراستەی داکۆکیکردن لە مافە رەواکانی گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستاندا.

2. بەدیهێنانی "ئامانجە دیموکراتیەکان" لەڕێگای:

- پەرەدان بە دیموکراسی، رێزگرتن لە سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی، جیاکردنەوەی ئەرکی حیزبی لە فەرمانی حکومی، دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەسەڵاتە ناوەندیەکانی هەرێم لە دەسەڵاتی پارێزگاکان، دابەشکردن و وردکردنەوەی دەسەڵاتەکان لەسەر هەمو ئاستە کارگێڕی و ناوچەییەکان.

- دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و رێزگرتن لە سەروەریی یاسا کە بەسەر هەمواندا بەشێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ببێت. پێڕەوکردنی لێپرسینەوەی یاسایی بێ جیاوازیی لە پلەوپایەی حکومی، بێ جیاوازیی لە ئینتیمای حیزبی و کۆمەڵایەتیدا.

- پاراستنی ئازادیی و مافە سیاسی و مەدەنییەکان، ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان، ئازادیی نیشتەجێبون، ئازادیی ویژدان و رادەربڕین و بیروباوەڕ.

- پاراستنی ئازادی دینداری و سروتی مەزهەبە دینیەکان، رێزگرتن لە ئاینی ئیسلام وەک ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و عێراق.

- پەرەدانبە فەرهەنگی دیموکراتی، هەڵبژاردن، کاراکردنی ژیانی پەرلەمانی، کاراکردنی ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی پارێزگا و وردکردنەوەیان لەسەر ئاستی قەزا و ناحیە و گوندەکان.

- پەرەدان بە فەرهەنگی بەرهەڵستکاریی مەدەنی، ئۆپۆزسیۆنی سیاسی و رۆشنبیریی، رەخنەگرتن وەك مافێك كە دیوی دوەمی بەرپرسیارێتییە.

- دانانی سیستمێکی هەڵبژاردنی دیموکراتی و رۆشن بەگوێرەی پێوەرە یاسایی و نێودەوڵەتی و تەکنیکییەکان بۆ رێگرتن لە پێشێلکاریی و ساختەکاریی لە پرۆسەکانی دەنگداندا.

- پەرەدان بە فەرهەنگی پەسەندکردنی جیاوازیی لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی، پەسەندکردنی شکست لە هەڵبژاردندا، ململانێی ئاشتیانە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەسەر هەمو ئاستە سیاسیەکان، دەستاودەستکردنی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی کارگێریی و کۆمەڵایەتی، لەنێوان کەسە شیاوەکاندا، لەنێوان رەگەز و تەمەنە جیاوازەکاندا.

- بەگژاچونەوەی هەر رەفتار و ئاکار و هزرێکی توندڕەو و تیرۆریستانە، لەژێر هەر ناو و هەر پاساوێکدا بێت.

- زەمینەسازیی بۆئەوەی لە فەرهەنگی سیاسیدا زمانی دایەلۆگی رۆشن و ناونانی بەرژەوەندیەکان جێگەی زمانی دروشم و موزایەدە و گوتاری لاستیکیی بگرێتەوە.
- چەسپاندنی چەمکی هاوڵاتیبون و ئامادەکردنی هاوڵاتی وەك کەسێکی ئازاد، یەکسان بەوانی تر، بەرپرس، خاوەن ماف و ئەرك.
- پابەندبون بە جاڕنامەی گەردونیی مافەکانی مرۆڤ و رێگریی لە هەر پێشێلکارییەك دژی بەندەکانی.
- کاراکردنی رۆڵی سیاسیی، مەدەنیی، کارگێڕیی، کۆمەڵایەتی و نوێنەرایەتی ئافرەتان و گەنجان لەسەر هەمو ئاستە جیاوازەکان.

3. بەیاساییکردنی ئامانجە نیشتمانی و دیموکراتیەکان لەڕێگای:

- هەموارکردنەوەی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بەشێوازێك کە سیستمی سیاسی هەرێم سیستمێکی پەرلەمانی بێت، پرنسیپی نەناوەندێتی کارگێڕی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پاراستنی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی تێدا چەسپیبێت.
- هەموارکردنەوەی هەمو ئەو یاسایانەی کە رەهەندی نیشتمانییان هەیە لەڕێگای سازانی نیشتمانییەوە، بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە کاریگەریی لەسەر ژیانی دیموکراتی و رێساکانی گەمەی سیاسی هەرێم جێدێڵن.
- کارکردن بەو بنەما یاساییەی کە دەڵێت: «لە هەر شوێنێك بەرپرسیارێتی هەبو لێپرسینەوەش هەیە»، واتە تا پلەی بەرپرسیارێتی بەرزتربێتەوە، باری لێپرسینەوەی پەرلەمانییش لەسەر کەسی بەرپرس قورستر دەبێت.
- کاراکردنی یاسای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریی لەڕوی کارگێڕی، دارایی و وەزیفیەوە.
- کاراکردنی رۆڵی دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەریی بۆ چاودێریکردنی هەردو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان، بەجۆرێك بۆیان هەبێت بڕیار و یاسا نادەستوریەکان هەڵبوەشێننەوە.
- پوچەڵکردنەوەی ئەو یاسا و رێنمایی و بڕیار و نەریتانەی حەسانەت دەبەخشنە بەرپرسە سیاسی، حیزبی، سەربازیی و ئەمنیەکان و کەسە دەستڕۆیشتوەکان بەگشتی.

- پێرەوکردنی سزا دەرهەق بە هەر پێشێلکارییەکی سیاسی، حیزبی، کۆمەڵایەتی و نهێنی بۆ سەر دەسەڵاتی دادگاکان.

- هاندان و هاوکاریکردنی دەزگای دادوەریی و دادگاکان بۆ پاككردنەوەی بنیاتی خۆیان لە هەر جۆرە دیاردە و ئاكارێكی مەترسیدار، وەك گەندەڵی، خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتی دادوەری، بەرتیلخۆری و ملكەچبون بۆ گوشارە سیاسی و حیزبی و كۆمەڵایەتیەکان.

- كاراكردن و بەنیشتمانیكردنی دیوانی چاودێریی دارایی، دەستەی نەزاهە و لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بۆ بەدواداچون و ناونان و سزادانی گەندەڵكاران. سپاردنی هەمو دەسەڵاتێك بەو دیوان و دەستانە تا بۆیان هەبێت، بەپێی یاسا، لە هەمو كەس و بەرپرس و لایەنێك بپرسنەوە، داوای ئاشكراكردنی پارە و ماڵ و موڵكی هەر كەسێك بكەن كە بیانەوێت.

- سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی فەرمانگەی داواكاری گشتی بەو جۆرەی لە سیستمی دیموكراتی دنیای مەدەنیدا هەیە، بۆ بەرگریكردن لە مافی گشتیی خەڵك لەئاست پێشێلكاریی و خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتە سیاسی و كۆمەڵایەتی و كارگێڕی و حیزبیەكاندا.

4. كاراكردنی پەرلەمان و حكومەت لەڕێگای:

- دامەزراندنی حكومەتێكی كارا، بچوككردنەوە و تەرشیقكردنی وەزارەت و دامودەزگاكانی لەسەر بنەمای چوستی نەك قەبەیی، دور لە بیرۆكراسی و هەڵاوسانی كارگێڕیی. هانگاونان بەرەو خێراكردن، نە-ناوەندێتی، بەئەلیكترۆنیكردنی پەیوەندییە كارگێڕییەكان، رزگاركردنی هاوڵاتی لە بەشێكی زۆری مەسرەف و ماندوبونی هاتوچۆی نێوان فەرمانگەكان و هاتوچۆی نێوان پایتەخت و مەڵبەندی شار و ناوچە جیاوازەكان.

- لێپێچینەوەوپرسیاركاریی پەرلەمانی لە هەمو بەرپرسەكان، لە سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتەوە تا وەزیر و هەمو پلەدارەكانی بەرپرسیارێتی، سزادان و سەندنەوەی متمانە لێیان لەكاتی سەرپێچیی دەستوریی و یاساییدا.

- دیاریكردنی ڕادەی نەسریەو ژمارەی پاسەوانی بەرپرسەكان بەپێی یاسا بە جۆرێك لەگەڵ جیهانی دیموكراتی هاوچەرخدا بگونجێت.

- هەڵوەشاندنەوە، یان هەموارکردنی هەمو ئەو یاسا و ڕێنمایی و بڕیارە تایبەتانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستمی موچە، خانەنشینی و ئیمتیازاتی بەرپرس و وەزیرو پەرلەمانتاران، بە جۆرێک هەمان تەمەنی یاسایی خانەنشینی راژەی مەدەنی بەسەریاندا جێبەجێ ببێت، دادی کۆمەڵایەتی لەنێوان خاوەن موچە بەرز و نزمەکاندا لەبەرچاو بگیرێت.

5. سنوردارکردنی قەبارەو جوڵەی حیزبی سیاسی لەڕێگای:

- دیاریکردنی سنوری دەسەڵات و چالاکیی حیزب وەك رێکخراوی سیاسیی پەتی، کە بۆی نەبێت هێزی چەکدارو دەزگای نهێنیی تایبەتی هەبێت.

- حیزبەکانی ناو دەسەڵات تەنها بۆیان هەیە کارنامەی هەڵبژاردنی خۆیان جێبەجێ بکەن، بێئەوەی مافی پاوانکردنی دارایی وڵات و بەکارهێنانی پۆستی گشتیان هەبێت بۆ ترساندن و کڕینی دەنگ و ویژدانی هاوڵاتیان.

- ئاشکراکردنی پارە و موڵك و عەقار و بەرژەوەندی ئابوریی کۆمپانیا بازرگانییەکانی حیزب و رێگریی لە هەر پاوانکارییەکی حیزبیی بۆ سەر بازاڕو تەندەرو کەرتی تایبەت.

- حیزبەکان بەگوێرەی یاسا هاوکاریان لە حکومەتەوە بۆ دیاریدەکرێ بەپێی ژمارەی دەنگ یان کورسییەکانیان لە ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتیکردندا.

6. بەنیشتمانیکردنی دامودەزگا سەربازی و ئەمنیەکان لەڕێگای:

- هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کەپەیوەندییان بەئەنجومەنی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی هەرێمەوە هەیە، لە ڕێگەی سازانی نیشتمانییەوە بەجۆرێك لەگەڵ سیستمی دیموکراتی و فرەیی و مافەکانی مرۆڤدا بگونجێن.

- ئامادەکردنی ئەفسەر، پلەدار، سەرباز، پۆلیس و مونتەسیبەکانی دەزگا ئەمنی و سەربازیەکانی هەرێم بەپێی عەقیدەیەکی نیشتمانی و دیموکراتی و مەدەنی نوێ، پاککردنەوەی دەرون‌و بیریان لە هەر بوغز و کینە و لایەنگرییەکی پێشوەخت، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر ژیانی میلیشیایی ژیاون، لە رێگەی خولی ئامادەکاریی تایبەتەوە، بە ئەزمون وەرگرتن لە وڵاتانی جیهانی دیموکراتی.

- پێکهێنانی هێزی پاسەوانی هەرێم، بە سودوەرگرتن لە مادە پەیوەندیدارەکانی دەستوری عێراق، بەشێوازێکی نیزامیی مۆدێرن، بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی هێزی پێشمەرگەی ئێستا، موتوربەکردنی ئەو هێزە بە نەوەی نوێ و کردنەوەی دەرگای پەیوەندیکردنی ئارەزومەندانە (تطوع)، دور لە لایەنگریی سیاسیی، حیزبیی، ناوچەیی و خێڵەکی.

- قەدەغەکردنی رێکخستنی حیزبی و سیاسی لەناو هێزی پاسەوانی هەرێم و وەزارەت و دامەزراوە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگریەکاندا.

- گۆڕینی پرۆگرامی خوێندن و مەشق لە خول و پەیمانگا و کۆلێژەکانی سەربازیی و پۆلیس بەشێوەیەکی هاوچەرخ، موتوربەکردنی پرۆگرامەکان بە وانەکانی مافی مرۆڤ و ئاکاری شارشتانی.

- ئامادەکردن و رێکخستنەوەی هەمو ئەو هێزە چەکدارانەی کە ئینتیمایان بۆ حیزب و گروپ و تاکەکەس هەیە، سەرلەنوێ دامەزراندنیان لە هێزی پاسەوانی هەرێمدا، یان خانەنشینکردنیان بە ئاستێکی دارایی شیاو، یان دۆزینەوەی دەرفەتی کاری نوێ بۆیان و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و ئابوریی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان.

- دابەشکردن و جێگۆڕکێ لەنێوان هێزە چەکدارەکانی هەرێم بەسەر ناوچە و دەڤەرە جیاوازەکاندا، بە ئاگاداریی پێشوەختی پەرلەمان، بۆئەوەی لەبری ئینتیما بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو، ئینتیمایان بۆ کوردستان هەبێت و لە لایەنگیریی لۆکاڵیدا گیرنەخۆن.

- پێشخستنی سیستمی هاتوچۆ و دامەزراوەی پۆلیسی هاتوچۆ بەشێوەیەکی مەدەنی، بەسودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ و ئەزمونی وڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهان، دابینکردنی رێز و موچە و هاوکاری دارایی پێویست بۆ ئەفسەر و مونتەسیبە پلە جیاوازەکانی پۆلیسی هاتوچۆ بەئامانجی جێبەجێکردنی یاسا بە یەك پێوەر بەسەر هەمو هاوڵاتیاندا.

**تەوەری دوەم:**

## سیاسەتی ئابوری و بنیاتنانی ژێرخان

1. رۆشنكردنەوەی سیاسەتی دارایی و بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی

لە دونیایی ئەمرۆدا هێزی ئابوری بۆتە فاكتەری سەرەكی لە چارەسەركردنی قەیرانە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكاندا، هەروەها بۆتە هۆكاری پەیوەندی نوێی نێودەولەتی لە رێگەی ئالوگۆری بازرگانی و هاوبەشی ستراتیژی .
بزوتنەوەی گۆران باوەری هەیە بە گەشەپێدانی كەرتی ئابوری بە ئامانجی دابینكردنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی و ئاشتی كۆمەلایەتی و چەسپاندنی دادی كۆمەڵایەتی، بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان كاردەكات بۆ دارشتنی سیاسەت و بەرنامەی ئابوری بەهێز و پێشكەشكردنی چارەسەری گونجاو بۆ قەیرانە ئابوریەكان لەسەر بنەمای زانستی تۆكمەو ئەزموونی سەركەوتوو .
بەگوێرەی راپۆرتەكانی "رێكخراوی رۆشنی (شەفافیەت)ی نێودەوڵەتی"، دەوڵەتی عێراق بەهەرێمی كوردستانیشەوە، یەكێكە لەهەرە وڵاتە گەندەڵەكانی جیهان گەندەڵی دارایی بەشێوەیەكی فراوان و بەردەوام بەرۆكی حكومەت و هاووڵاتی گرتووە، كەبۆتە هۆی زەرەر و زیانێكی زۆر و بە فیڕۆدانی داهاتی گشتی .
بزوتنەوەی گۆران بڕوای بە سیستمی بازاڕی ئازادە، و هەوڵ دەدات چارەسەری بنەڕەت و بەردەوام فەراهەمبكات بۆ ئەم دیاردەیە لە رێگەی بەدەزگایكردنی دامەزراوەكانی حكومەت و بە مەدەنیكردنی كۆمەڵگا، كە هەولێكن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی .
بودجەی هەرێمی كوردستان، كە لەبەركەوتی بودجەی فیدراڵ و داهاتی ناوخۆی هەرێم پێكدێ، موڵكی هەمو هاولاتیانی هەرێمی كوردستانە بێ جیاوازی. هەر هاوڵاتییەك، لە دەسەڵاتدا بێت یان ئۆپۆزسیۆن، حیزبی بێت یان سەربەخۆ، نیشتەجێی هەر شوێنێك بێ، مافی خۆیەتی لە بودجەو وردەكاریەكانی بپرسێتەوە، مافی خۆیەتی دەستی رابگا بەسەرچاوەكانی زانیاری میدیایی و زانیاریی فەرمی سەبارەت بەشێوازی بەكارهێنانی ماڵ و موڵكی گشتی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، مافی خۆیەتی لە رێگەی نوێنەرەكانیەوە لە پەرلەمان، ئاگاداری وردەكاریەكانی سیاسەتی ئابوری بێت و قەناعەت بكات كە بەركەوتی خۆی و خێزان و منداڵەكانی لە ماڵ و موڵك و سامانی نیشتمانی پارێزراوە.
بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و بەرزكردنەوەی ئاستی بژیوی هاولاتیان لە ئامانجە سەرەكیەكانی بزوتنەوەی گۆرانن لە بواری چاكسازی ئابوری لە كوردستان، چونكە دەبێتە مایەی بەهێزكردنی ژێرخانی ئابوری و بەرزكردنەوەی ئاستی بژێوی تاك و بەدیهێنانی دادی كۆمەڵایەتی.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان خەبات دەکا بەئامانجی:

- ڕۆشنکردنەوەی بودجەو دابینکردنی سەرچاوەکانی زانیاریی پێویست لەبارەی وردەکاریەکانی بەپێی سێکتەر و وەزارەتەجیاوازەکان.
- سپاردنی پرسی پەسەندکردنی بودجەبەپەرلەمان پاش پێشنیازکردنی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، پابەندکردنی ئەنجومەنی وەزیران بەبەخشینی زانیاری پێویست بەپەرلەمانتاران، بەرپرسیارکردنی ئەنجومەنی وەزیران لە جێبەجێکردنی هەمو وردەکاریەکانی بودجەدا.
- کاراکردنی ڕۆڵی پەرلەمان لەبەدواداچون و لێپێچینەوەو پرسیارکردن و سەندنەوەی متمانەلەوەزیر و بەرپرس و لایەنەپەیوەندیدارەکان لەکاتی رودانی هەر لادانێکی داراییدا.
- کاراکردنی ڕۆڵی دادگاکان و دەستەودەزگاکانی نەزاهەو چاودێری دارایی لەبەدواداچون و لێپێچینەوەو سزادانی بەرپرسەحکومی و حیزبیەکان و کۆمپانیاو لایەنە پەیوەندیدارەکان لەکاتی رودانی هەر لادانێکی داراییدا.
- پێرەوکردنی رۆشنی (شەفافیەت) دەربارەی گفتوگۆی دارایی لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ، لەنێوان هەرێم و لایەن و کۆمپانیاکانی ناوخۆ و کۆمپانیاکانی دەرەوە.
- پێرەوکردنی رۆشنی دەربارەی بازاڕ، ئاشکراکردنی هۆکاری پاوانکاریی، خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، پاشاگەردانی و گرانیی خۆراك و کەلوپەلو قەیرانی کۆنترۆڵی کوالیتی.
- پێرەوکردنی رۆشنی لەسەر پرۆژەکانی ئاوەدانیو خزمەتگوزاریی، هۆکانی دواکەوتن و خراپ جێبەجێکردنیان، گەڕانو دۆزینەوەی سەرەداوەکانی گەندەڵیی و قەیرانە ئابوریيەکانو بڵاوکردنەوەیان بۆ رای گشتی لەکاتی یاسایی خۆیدا.
- پێرەوکردنی رۆشنی سەبارەت بەتەندەر و کۆنتەراتو گرێبەستی نێوان حکومەت و دەوڵەتان و کۆمپانیاکان.
- لێپێچینەوەلە سەرپێچیی داراییو کارگێڕی و ناردنە دەرەوەی پارەو سامانی هەرێم بەشێوازی نایاسایی.
- ئازادکردنی کەرتی تایبەت بەگوێرەی یاسا، رێگریی لە هەر پاوانکاریيەکی بازاڕ و پرۆژەکان لەلایەن کەسو لایەنە دەسەڵاتدارەکانەوە.
- پێرەوکردنی ئەو پرنسیپەی کەحکومەتو دەسەڵاتی سیاسی لایەن و شەریك نین لە بازاڕدا. حکومەت بۆی هەیە چاودێریی بازاڕ بکات بۆ پاراستنی کوالیتی شمەك و ئاسایشی ئابوریی، بۆ راگرتنی هاوسەنگیو رێگریی لە پاوانکاریی.
- بەدواداچون و سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی هەوڵی سپیکردنەوەی پارە دەدەن، دەرکردنو کاراکردنی یاسای پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

- پێرەوکردنی دادپەروەری لەسیستمی باجدا، بەجۆرێك سەپاندنی باج بۆ قەبەکردنی دارایی حکومەت و حیزبەدەسەڵاتدارەکان بەکار نەهێنرێت، بەڵکو بۆ راگرتنی دادی کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزییو بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان بە دەوڵەمەندو هەژارانەوە.
- دامەزراندنی دەزگایەکی ئامارو لێکۆڵینەوەی زانستیو پیشەیی بۆ چاودێریکردن، پێوانەکردنی دیاردەکان و پێشبینیی پێشوەختی تەنگژە ئابورییەکان، سەبارەت بە رادەی هەناردەو هاوردە، هەڵاوسانو بێکاریی، رادەی گەشەو پاشەکشە، وەك ئامرازێك بۆ دارشتنی سیاسەتی ئابوریی بەگوێرەی داتاو پلانو پێشبینیەکان.
- لەچوارچێوەی سیستمی بازاری ئازاد و پشتیوانی کردن لەکەرتی تایبەت هەموو تاکێك مافی سەرمایەگوزاری و گەشەپێدانی سەرمایەی هەیە ، بەمەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی دا.
- کاراکردن و جێبەجێکردنی یاسای پاراستنی بەکاربەر و دامەزراندنی تۆر و رێکخراوی پێویست بۆ ئەم مەبەستە.

2. سامانی سروشتی و دانانی سندوقی نەوەکان

ئەزمونی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە سامانی سروشتی (وەک نەوت و گاز و کانزاکان) ئەوەی سەلماندوە کە سامانی سروشتی بەهەمان ئەندازەی کە دەکرێ ببێتە نیعمەت بۆ گەلان، بۆ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەدان بە سامانی مرۆیی و خۆشگوزەرانی... لە هەمان کاتدا دەشێ ببێتە نەفرەت و لەلایەن دەسەڵاتدارانی سیاسیەوە دژی بەرژەوەندی گەلان بەکاربهێندرێ. بەکارهێنانی سامانی سروشتی بەبێ بونی سیستمێکی چاودێری رۆشن، بەبێ پلانی نیشتمانی کە بەرژەوەندی نەوەکانی ئێستا و ئایندەی نیشتمان لەبەرچاوبگرێ، چەندین پاشهاتی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، لەبابەتی بەکارهێنانی سامانی سروشتی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران، بەکارهێنانی بۆ ترساندن و فریودان و کرینی ویژدان و وەلای هاوڵاتیان، بڵاوکردنەوەی تەمبەڵی و بەفیرۆدان و تەشەنەکردنی دیاردەی بەرخۆری.

بزوتنەوەی گۆران لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا، بە چاودێریکردنی سیاسەتی نەوت و گازو شێوازی دەرهێنان و بەکارهێنانی سامانی سروشتی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی هەرێمەوە، ئەو بروایەی لا دروست بوە کە ئەو سیاسەتە، لەدەروەی چاودێری پەرلەمان و رای گشتی، بە ئاقارێکی مەترسیداردا دەجوڵی و پلانێکی نیشتمانی رۆشن بۆ بەکارهێنانی سامانی سروشتی هەرێم لە بەرژەوەندی گەلی کوردستان لەئارادا نیە.

لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان سەرمایەگوزاریی کۆمپانیا بیانیەکان لە بواری سامانی سروشتی هەرێمدا بەپێویست دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا بڕوای وایە نابێ گرێبەستە نەوتیەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا تەنها بۆ شەڕی سیاسی لەگەڵ بەغدا و بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئابوری دەسەڵاتدارانی ئێستای هەرێم بەکاربهێندرێ، نابێ لە گرێبەستەکاندا بەرژەوندی گەلی کوردستان و نەوەکانی داهاتو لەبەرچاو نەگیردرێ. پێویستە گرێبەستەکان، بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە، بە کەناڵی لیژنەکانی پەرلەمان و بە کەناڵی راوێژکاریی دەستوری و تەکنیکی پێویستدا تێببەڕن و لایەنە باش و خراپەکانیان بۆ رای گشتی رون ببنەوە.

لە روانگەی پەیبردنەوە بە مەترسییەکی لەو جۆرە، بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش و هەوڵەکانی دەخاتەگەڕ لەپێناو:

- مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی سروشتیسەر زەوی و ژێر زەوی، وەک موڵکی هەمو هاوڵاتیانی کوردستان بێ جیاوازی.
- دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ گەڕان، پشکنین، دەرهێنان و شێوازی دەستپێوەگرتنی سامانی سروشتی بەجۆرێك لە خزمەت هەرێمی کوردستان و نەوەکانی داهاتودا بێت.
- کاراکردنی رۆڵی رەقابی پەرلەمان لە سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی، لە چاودێریکردنی ناوەرۆکی گرێبەستە نەوتیەکان بەر لە ئیمزاکردنیان لەلایەن حکومەتەوە.
- هەموارکردنی هەر یاسایەک کە رێگریی بکا لە دەسەڵاتی رەقابی پەرلەمان لە بواری سامانی سروشتیدا.
- دانانی سندوقێک بەناوی "سندوقی نەوەکان"، ڕێژەیەکی شیاو لە داهاتی سامانی سروشتی بخرێتە ئەو سندوقەوە، بە مەبەستی پاشەکەوتکردنی بڕێک لە داهاتی نەوت و گاز و سامانی سروشتی بۆ نەوەکانی داهاتو، یان بەکارهێنانی لە کاتی قەیرانی ئابوری و گەمارۆدا.
- تەرخانکردنی بڕێکی تایبەت لە داهاتی سامانی سروشتی (نەوت، گاز، کانزا و کانی ئاسن و... هتد) بۆ ئەو ناوچانەی کە خاوەن ئەو سامانەن، تا پرۆژەی بوژاندنەوە و ئاوەدانی زیاتریان تیادا ئەنجام بدرێت و لەئاست زیانی ژینگەییش قەرەبو بکرێنەوە.

- دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ پاراستن و بەکارهێنانی کانزاکان و سامانی سروشتی جگە لە نەوت و گاز.

- دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ پاراستنی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، دروستکردنی بەنداو و کەناڵی تایبەت بە قازانجی پرۆژەکانی ئاو و باخداریی و ژینگەو کەرتی کشتوکاڵی.

3. بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم و ئەنجامدانی پرۆژەی ستراتیجی

پرۆسەی ئاوەدانی و گەشەی ئابوری و مرۆیی لەهەر وڵاتێکدا پێویستی بە پلانێکی پەرەپێدانی ئاسۆیی هەمەلایەنە لەبەر رۆشنایی سەرژمێری گشتی لەبوارەکانی رێگەوبان، ئاوەدانکردنەوە، نیشتەجێبون، کارەبا، ئاوو ئاوەڕۆ، پۆستەو گەیاندن، کشتوکاڵ و پیشەسازی، سیستمی پەروەردەیی‌و پێگەیاندنی زەینی و جەستەیی.

بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز و هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان، جگەلەوەی لەڕوی گەشەی ئابوری و ئاوەدانیەوە بایەخی گەورەی هەیە و دەرگای هەرێم بەسەر سەرمایەگوزاریی بیانیدا دەکاتەوە، لەڕوی کۆمەڵایەتی و گەشەی سامانی مرۆییشەوە بایەخی خۆی هەیە، دەکرێ پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخانی هەرێم رۆڵیان هەبێ لە کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و بەگەڕخستنی هاوڵاتیانی هەرێم، لە ئەندازیار، کرێکار، تەکنیککار، کارگێڕ و ژمێریارەکان لەو پرۆژانەی کە بۆ بنیاتنانی ژێرخان ئەنجام دەدرێن. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە مەرجی بەگەڕخستنی کارمەند و کرێکارانی ناوخۆی هەریم لەناو گرێبەستەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانیەکاندا لەبەرچاو بگیردرێ.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە کە پێویست دەکا ئاوەدانی و گەشەی ئابوری لە هەرێمدا ئاسۆیی بێت نەک ستونی، چونکە گەشەی ستونی زادەی ئەقڵیەتی مەرکەزییە لە حوکمدا، یەکێکیش لە سیاسەتە چەوتەکانی هەر رژێمێکی مەرکەزیی، پەراوێزخستن و پشتگوێخستنی ناوچە کەناریەکانە، واتە چڕکردنەوەی تەلارسازیی و خزمەتگوزاریی لە پایتەخت و مەڵبەندی پارێزگاکان و بێبەشکردنی شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکان لە پرۆژەکانی گەشەکردن و ئامرازەکانی خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی و پێگەیاندنی منداڵان و نەوەی نوێ.

مەرکەزیەت، کە یەکێکە لە میراتە خراپەکانی رژێمی پێشوی بەغدا، تائێستا درێژبونەوەی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستاندا بەردەوامە. گەر بەراورد لەنێوان ژیانی پایتەخت و شارە

گەورەکانی کوردستان لەلایەك و قەزا و ناحیە و گوندو ئۆردوگا زۆرە ملێکان، لەلایەکی ترەوە بکەین، زۆر بەڕونی دەردەکەوێت کە بێدادیی لە دابەشکردنی سامان و خزمەتگوزاریی و هۆکانی ئاسودەیی و ژیانی هاوچەرخدا لە چ ئاستێکی مەترسیداردایە. بێدادی لە پرۆسەی گەشەسەندنی نێوان مەڵبەند و دەرەوەی مەڵبەندی پارێزگاکان هاوڵاتیانی کوردستانی دابەشکردوە بەسەر چەند کەرتێکی کۆمەڵایەتیدا، چەند کەرتێك کە هاوسۆزیی کۆمەلایەتی لەنێویاندا لە ئاستێکی لاوازدایە.

دانانی پلانێکی نیشتمانی هەمەلایەن بۆ ئاوەدانی و پرۆژەی ستراتیجی و بنیاتنانی پێویستیەکانی ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ هەرێمی کوردستان لەپاڵ ژیاندنەوەی ناوچە پەراوێزخراوەکان مەرجێکی گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بنیاتنانەوەی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و دروستکردنەوەی کەسایەتی هاوڵاتی وەك بونەوەرێکی چالاك و بەرهەمهێن، نەك وەرگرو بەرخۆر.

ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم پێناوەدا بریتیە لە:

- دانانی پلانێکی نیشتمانی هەمەلایەن، لەبەر رۆشنایی پرۆژەیەکی ستراتیجی و کارنامەیەکی حکومی رۆشندا، بۆ بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاکەکەس و داهاتی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستاندا.
- ئەنجامدانی زنجیرەیەک پرۆژەی ستراتیجیی لە بوارەکانی رێگەوبان، هێڵی شەمەندەفەر، کارەبا، نەوت و گاز، ئاو و ئاوەڕۆ، بەنداو، ئاودێریی، کارگەی بەرهەمهێنی کشتوکاڵی و پیشەسازی، گەشەدان بە کەرتی گەشتوگوزار و هەمو بوارەکانی ژێرخانی دەوڵەتێکی مەدەنی هاوچەرخ. چارەسەرکردنی قەیرانی خزمەتگوزاریی و پێداویستیە ژیانیەکانی هاوڵاتیان، وەك ئاوی پاکی خواردنەوەو دابینکردنی کارەبا بۆ هەمو شارو شارۆچکە و گوندەکان، بەگوێرەی سەقفێکی زەمەنی دیاریکراو.
- پرۆژەی ستراتیجیی لە بواری بنیاتنانی کامپی گەورەی یەکەکانی نیشتەجێبون لە هەمو شار و شارۆچکەکاندا، بە هەمو پێداویستی و خزمەتگوزاریە مەدەنیەکانەوە بۆ هاوڵاتیانی بێماڵ، بە کرێی گونجاو یان قەرزی درێژخایەن، بەگوێرەی پلەبەندیەکی دادپەروەرانە دور لە ئیعتباری سیاسی و مەحسوبیەت، بە رەچاوکردنی ئاستی موچە و دەرامەتی خێزان.
- دانانی نەخشەیەکی گشتی (ماستەر پلان) بۆ بەمەدەنیکردنی هەمو قەزا و ناحیەکان، قەڵاچۆکردنی بێدادیی لە ئاوەدانکردنەوەی هەندێکیان و پشتگوێخستنی هەندێکیان.

- دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ دامەزراندنی گوندی هاوچەرخ، وەك ناوەندی چەند گوندێکی لێك نزیك، بە هەمو پێداویستی و ئامرازەکانی ژیانی هاوچەرخەوە.

- بەستنەوەی ناوچە کەناریەکان بە مەڵبەندی پارێزگاکانەوە، لەڕێی تۆڕی رێگاوبان و پۆستە و گەیاندنی هاوچەرخەوە.

- پێرەوکردنی پلەبەندیی و دانانی ئەولەویەت لە ئاوەدانکردنەوەی قەزاو شارۆچکە و ناوچە کەناریەکاندا، ئەوانەی کە خاپور و ژەهرباران کراون، یان روبەڕوی هەڵمەتەکانی ئەنفال بونەتەوە، بخرێنە لیستی پێشەوەی ئاوەدانی و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

- بایەخدانی تایبەت لەڕوی پرۆژەکانی ژێرخان و ئاوەدانکردنەوە بەو ناوچانەی کە خاوەن سامانی سروشتین.

- دانانی نەخشەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بە قەرەبوکردنەوە و هاندانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان پاش ئاواکردنەوە و هاوچەرخکردنیان، یان بە بچوکردنەوە و گۆڕینی پێکهاتە و سیمایان لە ئۆردوگاوە بۆ شارۆچکەی هاوچەرخ بە هەمو پێداویستیەکانی ژیان و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاریەوە.

- پێرەوکردنی پلەبەندیی و دانانی ئەولەویەت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئۆردوگاکاندا، ئەوانەی کە باری ژیان تیایاندا سەختترە، قوربانیانی ئەنفال و شۆڕشیان زیاترە، بخرێنە لیستی پێشەوەی ئاوەدانی و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان بکرێت.

## 4. هاندانی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری

بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان پێویستی بە نەخشەیەکی گشتییە بۆ هاندانی بەرهەمهێنان لە بواری کشتوکاڵ، پیشەسازیی، سەرمایەگوزاریی دەرەکی و ناوەکی، سیاسەتی بانکی و هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری بەرهەمهێناندا، لە دۆخێکی ئاوهادا هەرێمی کوردستان دەتوانی پرۆسەیەکی گواستنەوەی گرنگ ئەنجام بداو لە هەرێمێکی بەرخۆر و سەرفکەرەوە ببێتە هەرێمێکی بەرهەمهێن، هەرێمێک کە توانای روبەڕوبونەوەی هەڕەشەی دەرەکی هەبێت و لە کاتی گەمارۆدا توانای هەبێت پشت بەخۆی ببەستێ.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بەئامانجی:

- دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ بەرزکردنەوەی رادەی بەرهەمهێنان و نزمکردنەوەی رادەی بەرخۆری (استهلاک) لە کوردستاندا.

- دانانی پلانێکی نیشتمانی بۆ زیادکردنی بڕی شمەکی هەناردە و کەمکردنەوەی بڕی شمەکی هاوردە.

- پێرەوکردنی سیاسەتێکی بانکی گونجاو بۆ پەردەدان بە بانکە فەرمی و ئەهلیەکان و کاراکردنی رۆڵی بانکە جیهانیەکان لە هەرێمدا، بۆ پێدانی قەرز بە هاوڵاتیان و هاندانی پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانی.

- پێرەوکردنی سیاسەتێکی کشتوکاڵی بەپێی نەخشەیەکی گشتی بۆ زیندوکردنەوە و هاندانی کەرتی کشتوکاڵ، بەگەڕخستنی هەمو ئەو پلان و ئامێرە هاوچەرخانەی کە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا کاریان پێدەکرێت.

- پاداشتکردنی جوتیار بەرامبەر هەر بەرهەمیکی کشتوکاڵی لە بواری باخداری، دانەویڵە، سەوزەجات و خانوی شوشەیی.

- هاندانی پرۆژە کشتوکاڵییە گەورە و هەرەوەزیەکان، بە تەرخانکردنی زەوی و کاراکردنی بانکی کشتوکاڵی.

- پشتیوانیکردنی پرۆسەی ئاژەڵداریی، چ لەسەر ئاستی دەسپێشخەریی تاکەکەس، چ لەسەر ئاستی پرۆژەی گەورەو هاوبەش.

- هاندانی پیشەسازیی سوك و پشتیوانیکردنی دارایی ئەو پرۆژانەی کە بەرهەمی خۆماڵی دەکەنە رکابەری بەرهەمی دەرەوە.

- هاوکاریکردنی پیشەسازیی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، شیرەمەنی، زەیت، لەقوتوگرتن، ئاوی کانزایی. پشتیوانیکردنی تایبەتی ئەو پرۆژانەی کە هەناردەی دەرەوە دەکرێن.

- هاندانی سەرمایەگوزاری دەرەکی بەجۆرێك لە بەرژەوەندی ستراتیجیی هەرێمدا بێت لە بوارەکانی بنیاتنانی ژێرخان و پرۆژە نیشتمانیەکاندا بەو مەرجەی کۆمپانیا بیانیەکان رێژەیەکی گونجاوی کارمەندو تەکنیکار و کرێکاری ناوخۆی هەرێم بەگەڕ بخەن و شارەزایی خۆیانیان بۆ بگوێزنەوە.

- کردنەوەی لقی بەرهەمهێنی کۆمپانیا جیهانییەکانی پیشەسازیی سوك و قورس، بەمەرجێك لە خزمەتی ژینگە و بەرژەوەندیی ستراتیجی و کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاریدا بێت.
- هاندانی سەرمایەگوزاری ناوخۆیی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و ڕێگرتن لەوەی حیزب و کۆمپانیای ئیحتکاریی پرۆژە ستراتیجیەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان قۆرخ بکەن، یان لە جێیەکی دیاریکراودا چڕیان بکەنەوە.

**تەوەری سێیەم:**

## ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و رۆشنبیری

### 1. چاکسازی لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا

کەرتی خوێندن و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا وەک هەمو کەرتەکانی تر لە قەیراندایە. بەڵام قەیرانی ئەم دو سێکتەرە، بە بەراورد لەگەڵ سێکتەرەکانی تر، مەترسی زیاتری بۆ سەر گەشەی سامانی مرۆیی و پەیکەرەی کۆمەڵایەتی هەرێم هەیە. تائێستا لە هەرێمی کوردستاندا سیستمێکی رۆشن بۆ پەروەردە و خوێندن لەئارادا نیە، چەند ساڵ جارێک بەپێی مەزاجی کابینە وەزاریەکان و وەزیر و مەکتەب سیاسی حیزبەکان گۆڕانکاری روکەش لە سیستمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا کراوە. ئەو گۆڕانکاریانە سودێکی ئەوتۆی بە کاروانی پەروەردە و خوێندن نەگەیاندوە، بەڵکو زۆرجار پشێوی و ناجێگیریی دروستکردوە.

تائێستا پرۆگرامی خوێندن و میتۆدی وانەوتنەوە لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمدا لە ئاستێکی نزم و دواکەوتودایە... ژێرخانێکی پەروەردەیی و زانکۆیی لەئارادا نیە کە توانای لەخۆگرتنی نەوەی نوێی هەبێ و ئامێر و پێداویستیەکانی پێگەیاندنی مەعنەوی و جەستەیی بۆ فێرکاران دابین بکا... تائێستا ژمارەیەکی زۆری قوتابیان و خوێندکاران، بگرە مامۆستایانیش نائاشنان بە زمانە بیانیەکان و پرۆگرامی خوێندنی هاوچەرخ... هەرچەندە ئەو بودجەیەی کە بۆ سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا سەرف دەکرێ لە ئاستی پێویستدا نیە، بەڵام گەر کەرتی گشتی ئەو دو سێکتەرە بەراورد بکرێ بە کەرتی تایبەت و قوتابخانە نمونەییەکان بەڕونی دەردەکەوێ کە برێکی زۆری ئەو بودجەیە لە خزمەتی هەڵاوسانی کارگێریی و بیرۆکراسیەتی بێ بەرهەمدا سەرف دەکرێ.

لە روانگەی هەستکردنەوە بەم قەیرانە، بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بۆ:

- کارکردن بەپێی فەلسەفەیەکی نوێ بۆ پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا بە سودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە دیموکرات و پێشکەوتوەکانی جیهان، فەلسەفەیەک کە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی ئازادی خاوەن ئەرک و ماف تەماشا بکا کە مافی فێربون و خۆپێگەیاندنی هەبێ، حکومەت پابەند بکا بە پێگەیاندنی نەوەی نوێ لەڕوی ئەقڵ و جەستەییەوە.

- تەرخانكردنی بەشێكی گەورەتری بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ پەروەردە و پێگەیاندن و خوێندنی تەوزیمی، گەشەدان بە باخچەكانی منداڵان و پێشخستنی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییەكان.

- بچوككردنەوەی پۆلی خوێندن لەڕوی ژمارەی قوتابیان، گەورەكردنیان لەڕوی روبەر و كەرەستەكانی دابینكردنی ئارامیی جەستەیی و مەعنەوییەوە.

- بایەخدان بەچاودێری تەندروستی خوێندكاران لەخوێندنگاكاندا.

- دابینكردنی پێداویستیە مادیی و دەرونی و ژیانیەكان بۆ مامۆستایانو قوتابیان، لە هەمو شار و شارۆچكە و گوندو ناوچەكانی كوردستان بێ جیاوازیی.

- كاركردن بۆ نەهێشتنی جیاكاریی لەنێوان ئاستی خزمەتگوزاریی و خوێندن، لەنێوان قوتابخانەكانی گوند و شاردا، لەنێوان ئاستی قوتابخانە نمونەییەكان و قوتابخانە ئاساییەكاندا.

- لێپێچینەوەو سزادان سەبارەت بە هەر جیاكاریەك كە لەسەر بنەمای رەگەزی منداڵ و هەرزەكار، رەنگ و جەستە، پێشینەی سیاسی و كۆمەڵایەتی باوك و خێزان، دەوڵەمەندیی و هەژاریی، دەرهەق بە قوتابیان بكرێت.

- ئامادەكردنی قوتابی بەوەی تەنها بونەوەرێكی وەرگر و پاسڤ نەبێت، بەڵكو تاكێكی بیركەرەوەش بێت، پرسیار و قسەی هەبێت سەبارەت بە بواری گشتی، لە سیستمی خێزان و قوتابخانەوە تا سیستمی سیاسی و فەرمانڕەوایی.

- گرنگیدان بە كتێبخانە، فێركاریی ئەلیكترۆنی، تاقیگە، شوێنی ئەزمونكردن و بەرفراوانكردنی بیرو هۆشی نەوەی نوێ.

- گرنگیدان بە هونەری شێوەكاری، موزیك و شانۆ وەك وانەی سەرەكی لە قوتابخانەكاندا و دابینكردنی پێداویستیەكان لەو پێناوەدا.

- دانانی پلانی هاوبەش لەنێوان وەزارەتەكانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، پلاندانانبۆ وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی تری هەرێم و نێوەندەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی بۆ گەشەدان بە سامانی مرۆیی لە ئێستاو ئایندەدا.

- كردنەوەی زانكۆ و بەشە زانستییەكان، وەرگرتنی خوێندكاران بەگوێرەی زەمینەو پلانی پێشوەخت.

- پێگەیاندنی نەوەی نوێ بەشێوازێکی هاوچەرخ، چەکدار بە زانیاریی ئەلیکترۆنی و تەکنەلۆجیای سەردەم، لەپێناو بەشداری پێکردنیان لە دروستکردنی حکومەتێکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتودا.

- رێزگرتن لە سەربەخۆیی زانکۆکان و سەربەخۆیی فیکری ئەکادیمی.

- گرنگی دان بەخوێندنگا کوردیەکان و زامنکردنی وەرگرتنیان لەزانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

- پێداچونەوە بە پرۆگرامی بەشە زانستیەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا، پێداچونەوە بە رێژەی وەرگرتن و ئەولەویەتی هەندێك بەشو کۆلێژ، بەجۆرێك بەشی زۆری کادیرانی نەوەی نوێ بەگوێرەی پێداویستیە حکومی و نیشتمانیەکانو پلانی پێشوەخت ئامادەبکرێن.

- هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆ و مەڵبەندەکانی توێژینەوەدا، بەجۆرێك بچێتە خزمەتی پلانی ستراتیجی هەرێم، خزمەتی لایەنی رۆشنبیریی و زانستی و تەکنیکیی هاوڵاتیان.

- پیادەکردنی دادپەروەریی لە خوێندندا، دور لە ناهەقی و ئیعتباری حیزبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی...، دادپەروەریی لە دامەزراندنی مامۆستایان، سەرۆك بەش، راگر، سەرۆك زانکۆ و پەیمانگاکان لەسەر بنەمای لێهاتویی زانستی و کارگێریی دور لە ئیعتباری سیاسی و حیزبی.

- لێپێچینەوەلە پێشێلکاری زانستی و کارگێریی و ئاکاریی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا.

- چاکسازیی لە سیستمی زانکۆییدا، بەجۆرێك لەگەڵ گیانی سەردەم و پێداویستی و پلانی ستراتیجی هەرێمدا بگونجێت. سودوەرگرتن لە ئەزمون و میتۆدی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بۆ تازەکردنەوەی خوێندنی باڵا، تا زانکۆکانی کوردستانیش وەك زۆربەی زانکۆکانی جیهان ئاگاداری تازەترین و گرنگترین بەرهەمی فیکرییو تەکنیکی و زانستی بن.

- دانانی پلانێکی رۆشن بۆئەوەی زانکۆکانی کوردستان، بەپێی پێوەرە جیهانیەکان، پێگەی شیاویان لە ریزبەندیی زانکۆکانی جیهاندا هەبێ.

- بەستنەوەی زانکۆکانی کوردستان بەزانکۆ جیهانیەکانەوە.

- بایەخدان بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی لە هەمو ئاستەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لە زانکۆکاندا.

- دانانی بەڕێوبەری قوتابخانەو سەرۆکی بەش و ڕاگرەکان تا سەرۆکی زانکۆ و پەیمانگاکان لەسەر بنەمای کێبڕکێی ئاشکرا و تواناو لێهاتووی و C.V.

- کارکردن بۆ ستاندەرایزی زمانی فەرمی کوردی بەتایبەتی لە زانکۆکان و نێوەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا.

- پاککردنەوی پرۆگرام و میتۆدی خوێندن و ئەکادیمی لە فیکر و ئاکاری تاکڕەوی، شۆڤێنیزم و دۆگماتیزم، بەتایبەتی لە بەشە مرۆییەکاندا، وەك مێژو، یاسا، سیاسەت، هونەر، ئەدەبیات و زانستە کۆمەڵایەتییەکان. بەگەڕخستنی ئەو زانستانە تا خزمەتی هەقیقەتی مەعریفیی، بیرکردنەوەی نەوەی نوێ، پەیڤین و گوتاری رەخنەیی بکەن، نەك خزمەتی گوتاری باڵادەست و بەرژەوەندیی دەسەڵاتداران بکەن.

- بایەخدان بە گەشتی زانستی، سروشتناسی، ئاسەوارناسی، ئەتنۆگرافی و گەشتی گەشتوگوزاریی خوێندکاران بەگوێرەی پسپۆڕییان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا.

## 2. چاکسازی لە سیستمی تەندروستی و ژینگەپارێزیدا

بەشێک لە قەیرانی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندیی بە نەبونی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و نەبونی رۆشنبیریی خۆپاراستن و ژینەگەپارێزییەوە هەیە لەناو هاوڵاتیاندا. سەرباری نەبونی داتای زانستی ورد سەبارەت بە تێکڕای تەمەن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام لاوازیی نەخۆشخانە و کلینیکە گشتی و تایبەتەکان، نەبونی رۆشنبیریی تەندروستی لای هاوڵاتیان، خراپی کوالیتی دەرمان و ئامێری پزیشکی و نەبونی کوالیتی کۆنترۆڵ بەسەر بازرگانیی دەرمانەوە، لەپاڵ مامەڵەی خراپی کەرتی تەندروستی و دەسەڵاتداران لەگەڵ پزیشک و کارمەندانی تەندروستی و لاوازیی رۆڵی پەرلەمان لە چاودێریکردنی وەزارەتی تەندروستی و کەرتی تایبەتی تەندروستی... هەمو ئەم هۆکارانەوە پێکەوە وایانکردوە تێکڕای تەمەنی هاوڵاتیان لە ئاستێکی نزمدا بێ.

تائێستا رون نییە کەرتی تەندروستی کوردستان بەگوێرەی چ سیستمێکی تەندروستی کاردەکاو چ مامەڵەیەک لەگەڵ کەرتی تایبەتدا دەکا. هەرچەندە حکومەت بودجەی بۆ کەرتی گشتیی تەندروستیی دابین کردوە، کەچی بەشێکی زۆری هاوڵاتیان ناچارن لەکاتی نەخۆشی و قەیرانی تەندروستیدا، بەپارەی تایبەتی خۆیان لە کلینیکی تایبەت و زۆرجاریش لە نەخۆشخانەی تایبەتدا، یان لە دەرەوەی وڵات چارەسەر وەرگرن.

لەپاڵ ئەو قەیرانە بەردەوامەی کەرتی تەندروستی، ژینگەی کوردستانیش رو لە پیسبون و ژاکان دەکا... پیسبونی ژینگەی کوردستان بەشێکی پەیوەندیی بە قەیرانێکی جیهانی گەورەترەوە هەیە، بەڵام بەشێکی ناوخۆییە و پەیوەندیی بە نەبونی رۆشنبیریی ژینگەپارێزییەوە هەیە لای هاوڵاتیان، بەشێکیشی پەیوەندیی بە بێبەرنامەیی و نابەرپرسیارێتی و چاوپۆشینی دەسەڵاتەوە هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاو و خاک و سروشت و هێنانی ئەو ئامێر و شمەکانەی کە ژینگە پیس دەکەن.

لە سۆنگەی هەستکردنەوە بەم مەترسیانە، بزوتنەوەی گۆڕان کاردەکا بۆ:

- بنیاتنانی ژێرخانێکی هاوچەرخ بۆ کەرتی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جهانییەکان، بەسودوەرگرتن لە ئەزمونی وڵاتە پێشکەوتوەکان.
- چاکسازی لە سیستمی تەندروستیدا بەجۆرێک کە تەنها حکومەت پارە لە کەرتی گشتیی تەندروستیدا سەرف نەکا، بەڵکو بەگوێرەی پێویست خزمەتگوزاریی تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکڕێتەوە و بێبەرامبەر یان بەرامبەر نرخێکی رەمزیی بیداتەوە بە هاوڵاتیان، بەتایبەتی ئەوانەی ئاستی بژێوییان نزمە و دوچاری نەخۆشیی سەخت دەبنەوە.
- بایەخدان بە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن وەك بەشێك لە کەرتی تەندروستی گشتی، کە دەبێت بێبەرامبەر بەهانای هاوڵاتیانەوە بچن. دابەشکردنی شارە گەورەکان بەسەر چەند کەرتێکدا کە هەر کەرتە و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی تایبەت و ژمارەیەکی گونجاو ئۆتۆمبێلی ئەمبولانسی هەبێت.
- چارەسەرکردنی قەیرانی بیرۆکراتی و پلەبەندیی لە نێوەندە تەندروستیەکاندا بەجۆرێك کەشێکی دادپەروەرانە لەناو نەخۆشخانەکاندا، لەنێوان پزیشك و بەرپرس، پزیشك و کارمەند، کادیری تەندروستی و نەخۆشدا بێتەئاراوە. لێپێچینەوەی یاسایی و دادوەریی لە هەر کەمتەرخەمی و تاوانێك کە دەرهەق بە ژیان و تەندروستیی هاوڵاتیان ئەنجام بدرێ.
- بایەخدان بە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی، بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و پیشەییان، کردنەوەی خولی تایبەت بۆیان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە. پێڕەوکردنی فێرکاریی پزیشکیی بەردەوام CME بۆ گشت پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بەگوێرەی پێوەرە جیهانیەکان.

- بەرەنگاربونەوەی پاوانکاریی کەرتی تەندروستی، چ لەناو حکومەت و چ لەناو بازاڕدا، هاندانی نەوەی نوێی پزیشكو کارمەندانی تەندروستی تا بەشداریی لە بنیاتنان و خزمەتگوزاریی کەرتی تەندروستیدا بکەن.

- دانانانی پلانی زانستی بۆ کردنەوەی سەنتەری پزیشکی لە پسپۆڕییە وردەکاندا لە شارە گەورەکان و لقی هاریکار لە شارۆچکە و ناوچە کەناریەکاندا. گەشەدان بە خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شارۆچکە و گوند و ناوچە دوردەستەکاندا، دابینکردنی ئۆتۆمبێلی ئەمبولانس بۆ گەیاندنی نەخۆشی ئەو ناوچانە بەسەنتەرە نزیکەکانی تەندروستی.

- هاندانی کەرتی تایبەتی خزمەتگوزاریی تەندروستی لەلایەن حکومەتەوە. دانانی دەستەیەکی پسپۆڕ بۆ سەرپەرشتی و چاودێریکردنی نەخۆشخانە ئەهلیەکان و بەخشینی پلەبەندیی پێیان بەگوێرەی پێوەرە جیهانییەکان. ئەو نەخۆشخانانەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە پلەیەکی لاوازدا دەمێننەوە دادەخرێن.

- پیادەکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی بۆ هاوڵاتیان بەجۆرێک هاوڵاتیان لە هەر ئاستێکی بژێویدا بن، دەوڵەمەند بن یان هەژار، فەرمانبەر بن یان بێکار، لە کەرتی تایبەت کار بکەن یان کەرتی گشتی... بێبەش نەبن لە خزمەتگوزاری بیمەی تەندروستی. دەرکردنی یاساو رێنمایی و بڕیاری پێویست بۆ ئەو مەبەستە بەجۆرێک تەنها دەوڵەمەند و خاوەن دەرامەتی بەردەوام باجی بیمەی تەندروستی لەسەر بێ، لەوان بترازێ حکومەت بەرپرسیارێتی بیمەی تەندروستی هاوڵاتیان بگرێتە ئەستۆ.

- گرنگیدان بە تەندروستی کۆمەڵگا، چاودێریکردنی جۆری دەرمان، رۆشنبیریی تەندروستی و پرنسیپی خۆپاراستنی پێشوەخت لەسەر ئاستی تاکەکەس و کۆمەڵگە.

- تەرخانکردنی بودجەیەکی شیاو و دانانی پلانێکی نیشتمانی بەپێی سەقفێکی زەمەنی بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە مین، پاشماوەی جبەخانەی سەربازی، بۆمب و ژەهرە کیمیاییەکان.

- بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ژینگەپارێزیی، پاراستن و دەستپێوەگرتنی ئاو، مەترسییەکانی پیسبونی سروشت، بەرخۆریی و پیس مەسرەفی، پەنگخواردنەوەی گەرما وەك کێشەیەکی جیهانی.

- چاککردنی سیستمی کۆکردنەوە و فڕێدانی پاشەڕۆ و خاشاك بەشێوەیەك کە مەترسی بۆ سەر سروشت و تەندروستی گشتی و نەوەکانی داهاتو دروست نەکات.

- کەمکردنەوەی ژاوەژاو و زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل و ئامێرە ئالودەکارەکاندا، بەتایبەتی لە سەنتەری شارەکاندا.

- دانانی باج لەسەر ئەو تاک و گروپ و کارگانەی ژینگە دەژاکێنن و پیسی دەکەن. قەرەبوکردنەوەی دارایی و تەندروستی ئەو ناوچانەی کە نزیك کارگە مەترسیدارەکانن.

- پاراستنی دارستان و روەکی سروشتی، ئاژەڵ و باڵندەی کێوی.

- سازدانی هەڵمەتێکی گشتی بۆ پاککردنەوەی شوێنە گەشتوگوزاریەکان لە پاشەڕۆی پلاستیکی و مەعدەنی و غەرامەکردنی هەر گەشتیار و سەیرانکەرێک کە شوێنی خۆی بە پیسی بەجێبێڵێ.

- پێرەوکردنی نەخشەیەکی گشتی بۆ جێبەجێکردنی ستانداردی جیهانی سەبارەت بە فراوانکردنی روبەری باخ و سەوزایی لە شارو ئاوەدانیەکاندا.

- پاراستنی جوانی و سروشتی کوردستان لەشێواندن و دامەزراندنی پارێزراوی سروشتی.

- کۆنترۆڵکردنی پێشوەخت و پاشوەختی کارگە و پرۆژە پیشەسازی و کیمیاییەکان و رەتکردنەوەی هەر پرۆژەیەک کە مەترسی گەورە بۆ سەر ژینگە دروست بکا.

3. هاندانی داهێنان و چالاکی فەرهەنگی

هەرچەندە بازاڕەکانی کوردستان بەرەو کرانەوە دەچن، بەڵام هێشتا بازاڕی کتێب، چاپەمەنی، هونەر، شانۆ و سینەما گەشەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، تائێستا زۆربەی رۆشنبیران و هونەرمەندان و رۆژنامەنوسان ناتوانن خۆیان، بێ هاوکاریی دەوڵەت، بەرهەمی فیکری و هونەری پێشکەش بکەن و بە داهاتی بەرهەمەکانیان بژین.

لەکاتێکدا ئەرکی حکومەتە هانی هەمو وزە و توانایەکی فیکریی و هونەریی بدات، تەنانەت ئەگەر سەربەخۆ یان بەرهەڵستکاری دەسەڵاتیش بن، کەچی بودجە گەورەکان تەنها بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن و پروپاگەندەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و سێبەرەکانیان تەرخان کراون. ئەو کاتانەش کە هاریکاریی دراوەتە ناوەندێك یان داهێنەرێکی سەربەخۆ، ئەو یارمەتییە لەپای هەڵوێستێکی سیاسیی دیاریکراو، یان لەپای بێدەنگی دراوە، یان هەڕەشەی لێکراوە بە بڕینی ئەو بەرژەوەندییە.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە دەبێت بڕێک لە بودجەی هەرێم بۆ سەرمایەگوزاریی رۆشنبیریی و هونەریی و میدیایی تەرخان بکرێت، پێداویستییە مادیی و مەعنەوییەکان بۆ ئەو داهێنەر و هونەرمەندانە دابین بکرێن کە خزمەتی کولتور و هونەری کوردیی دەکەن و زانیاریی شاراوە و رۆشنبیریی گەلان بە نەوەی نوێ دەناسێنن.

لەم روانگەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان تێدەکۆشی بەئامانجی:

- پشتیوانیکردن و پێشخستنی ئەدەب، هونەر، کەلەپور و زمانی کوردیی، پاراستنی ئاسەوار و شوێنە مێژوییەکان.
- کارکردن بۆ لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی و پێڕەوکردنی یەک زمانی فەرمی لەسەر ئاستی هەرێم.
- ئاشناکردنی هاوڵاتیان بە رۆشنبیریی و شارستانیەتی گەلان، هاندانی وەرگێڕان و پاداشتکردنی وەرگێر و داهێنەران.
- بەرپەرچدانەوەی هەمو ئەو بڕیار و ئاکار و رەفتارانەی دەبنە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی رادەربڕین و بیروباوەڕ، ئازادی ویژدان و رەخنەگرتن.
- پێکهێنانەوەی ئەو دامودەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بە رۆشنبیریی و هونەرەوە، بەجۆرێك لەگەڵ سیستمی دیموکراتیدا بگونجێن، دور لە لایەنگریی سیاسیی و ئایدیۆلۆجی پێشوەخت، دور لە بیرۆکراسیەتی بێ بەرهەم. سپاردنی دەزگا رۆشنبیریی و هونەرییەکان بە رۆشنبیران و هونەرمەندان و رێگرتن لە پاوانکردنی ئەو دەزگایانە لەلایەن کادیرە گەورە و بچوکەکانی حیزبەوە.
- بایەخدان بە زمان و کولتوری پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکانی کوردستان و پەرەدان بە مەڵبەندە رۆشنبیریەکانیان.
- بەخشینی هاوکاریی دارایی بۆ پرۆژە سەربەخۆکان لە بوارە جیاجیاکانی داهێناندا وەك بەشەکانی هونەر (شێوەکاری، موزیك، سینەما و شانۆ)، رۆژنامەوانی بینراو و بیستراو و خوێندراوە، تەلەفزیۆنی ئاسمانی، پرۆژە فیکریەکان لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، پرۆژەکانی وەرگێڕان، سەنتەرەکانی فێربونی زمان و تەکنەلۆجیا و زانیاریی سەردەم.
- پێکهێنانی دەزگایەکی چاودێریی و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکان، زیادکردن و کەمکردنی هاوکارییە مادییەکان بەپێی سەرکەوتن یان شکستو پاشەکشێیان.

- بەخشینی پاداشتی شیاو بۆ ئەو داهێنەرانەی کە بەرهەمە ئەدەبی و رۆشنبیریی و هونەرییەکانیان کاریگەری و وەرچەرخان دروستدەکەن.

- پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت لە کەسانی پێشەیی و پسپۆڕ لە بورای داهێناندا بۆ سەرپەرشتیکردن و هاندانی فیستیڤاڵ و خول و گردبونەوەی رۆشنبیریی و هونەریی، دور لە دەستێوەردانی حیزبی و سیاسی.

- دابینکردنی موچەی شیاو بۆ ئەو داهێنەرانەی کە جگە لە نوسین و داهێنانی ئەدەبی و هونەریی هیچ پێشە و داهاتێکی تریان نیە. دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.

- زەمانەتکردنی ژیان و دابینکردنی موچەی خانەنشینی بۆ ئەو نوسەر و هونەرمەند و داهێنەرانەی کە توشی قەیرانی تەندروستی دەبن، یان دەگەنە تەمەنی خانەنشینی.

## 4. ئازادکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و کاراکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان

ئەزمونی گەلانی مەدەنی سەلماندویەتی دروستبونی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە مەرجەکانی دروستبونی هەر قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز. کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێکە لە ئەڵقە گرنگەکانی پەیوەندیی نێوان تاکەکەس و دەوڵەت، بەدەر لە ئینتما ناوچەیی و کۆمەڵایەتییە بەرتەسکەکانی مرۆڤ، ئینتمایەکی گەورەتر لەسەر ئاستی قەوارەی نیشتمانی بۆ تاکە کەس دروست دەکا. کۆمەڵگەی مەدەنی، تاکەکەس بە هەردو رەگەزەکەوە، لە باڵادەستی دەسەڵاتی سیاسی و نەریتە کۆمەڵایەتیە نەخوازراوەکان دەپارێزێ، هاوڵاتیی ئازاد و بەرپرس بەرامبەر ئەرکە گشتییەکان دروست دەکا.

بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ئازادکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادکردنی سەندیکا و کۆمەڵە و رێکخراوە ناحکومییەکان، بەشداری پێکردنیان لە پرۆسەی گوشار و چاودێریکردنی دامودەزگا کۆمەڵایەتی و کارگێڕیی و سیاسییەکاندا خزمەت بە ژیانی سیاسی و دیموکراتی دەکا، بەرپرسیارێتی گشتی دابەش دەکا بەسەر زۆربەی گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا.

ئامانجی بزوتنەوەی گۆڕان لەم پێناوەدا بریتیە لە:

- بەهێزکردنی دەوڵەتی یاسا بە ئاراستەی پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەر پێشێلکاریەکی نامەدەنی و ناشەرعی لەلایەن دەزگا نەریتی و حیزبی و سیاسییەکانەوە.

- هاوکاریکردن و هاندانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی (سەندیکا، کۆمەڵە، فیدراسیۆن و گروپەکانی فشار) بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی چاودێریکردن و دروستکردنی گوشار لەسەر پەرلەمان و دەزگا حکومیی و دادوەریەکان.
- بەرەنگاربونەوەی ئەو کۆششانەی کە پارەی دەوڵەت و موڵکی گشتی بەکاردەهێنن بەمەبەستی بەهێزکردن و سەپاندنی دەسەڵاتی سەندیکا و ڕێکخراوە حیزبییە تایبەتەکان.
- کارکردن بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانی سەربەخۆ، بەدەر لە دەسەڵاتی حکومەت، بۆ پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە مەدەنیەکان بەگوێرەی پرۆژە و چالاکی و قەبارەیان، نەك بەگوێرەی ئینتمای سیاسیی ئەندامەکانیان.

## 5. وەرزش وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ گەشەپیدان و تەندروستی هاوڵاتیان

وەرزش دەرفەتی گەشەکردن دەرەخسێنێ بۆ ساخلەمی هاوڵاتیان و پێشکەوتنی باری ئابوری کۆمەڵگا و هەستی هاوکۆیی و ڕۆحیەتی هاوڵاتیبوون دروست دەکات و میتودێکی کاریگەرە بۆ بڵاوبونەوەی فەرهەنگی لێبوردەیی و دیمۆکراسی و بەهێزکردنی شکۆ و شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانی. لاوازی ئاستی وەرزش بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستاندا ، پەیوەستە بە لاوازی سیستەمی فێرکاری و قۆرخکاری ئەم بزاڤە بۆ دەستەیەکی تایبەت.

گرنگیدان بە وەرزش وەك بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی و ساخلەمی کە بەشێك بێت لە بەرژەوەندی باڵاو هاوبەشی گشت هاوڵاتیانی کوردستان، پێوستی بە بەرنامەیەکی دوور مەودای ستراتیژی هەیە.

بۆ بەوەپێشبردنی کەرتی وەرزش لە کوردستاندا پێوستمان بە:

- تەرخانکردنی بەشەبودجەی تایبەت، بۆ بوژانەوە و دروستکردنی ژێرخانی وەرزشی لە کوردستاندا.
- سەربەخۆیی وەرزش و نەهێشتنی هەژمونی حیزب و بەرپرسە حیزبییەکانە لە پرۆسەی وەرزش دا.
- دروستکردنی یاریگا و مەلەوانگا و گۆڕەپانی یارییە هەمە جۆرەکانە لە قەزا و ناحیە و شارەکاندا بە ستانداری نێودەوڵەتی.

- گرنگیدانە بە خوێندنی وەرزش وەك وانەیەكی بنەڕەتی لە سیستەمی فێركاریدا ، هاوكات بایەخدانی زیاتر وجددی بەتوێژینەوەی زانستی و هونەری وەرزش لەئاستی زانكۆ و خوێندنی باڵادا .

### تەوەری چوارەم:

## دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی

هەرێمی کوردستان، لەپاڵ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەی ئابوریدا، پێویستی بە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستە کە دەستەبەری بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بکا وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف، پێویستی بە پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکرات و سیستمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانەیە کە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان دابین بکا... چونکە دروستکردنی قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز، پەرەدان بە سێکتەرە جیاوازەکانی وڵات، رێزگرتن لە ژینگە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاست پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستاو ئایندەدا، بەبێ گەشەی سامانی مرۆیی مەیسەر نابێ.

گەشەکردنی هەرێم تەنها لەرێگەی بەرزکردنەوەی تەلار و هاوردەکردنی ئامێر و شمەکی بازرگانی بەدی نایەت... بەڵکو پێویستی بە زەمینەی گەشەی سامانی مرۆیی و دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ تاک و خێزان و توێژ و گروپە جیاوازەکان. بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێ بێبەرنامەیی حکومەتە لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا، بڵاوبونەوەی بێدادییە لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەنێوان هەژار و دەوڵەمەند، نێرو مێ، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گوندیی و شاریی و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە.

بزوتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەمو وەزارەتەکان و هەمو سێکتەرەکان هەرێم... لە سێکتەری پەروەردە و تەندروستییەوە بۆ سێکتەری وەرزش و کاروباری کۆمەڵایەتی، تا سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەڕێوەبردنی وڵات. پێویستە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی، بەرنامەکانی پێگەیاندنی منداڵ، نەوجەوانان، گەنجان، ئافرەتان، پێشمەرگە، قوربانییە زیندوەکان، قوربانیانی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، فەرمانبەران، مامۆستایان، کارگوزاران، کرێکاران، جوتیاران، خانەنیشنان، خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پەککەوتە و بەساڵاچوان، بازرگان و کاسبکاران، بەڕێوەبەرانی وڵات و رەوەندی کورد لە هەندران.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان لەسەر هەمو ئاستە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و یاساییەکان کۆشش دەکا بەئامانجی پایەدارکردنی دادی کۆمەڵایەتی و پەرەدان بە سامانی

مرۆیی بەپێی سێکتەرە جیاوازەکان، بەگوێرەی کەرت و گروپ و تەمەن و توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکان، بەم جۆرەی خوارەوە:

1. کارکردن بۆ کەمکردنەوەی رێژەی هەژاریی و بێکاری لەسەر ئاستی خێزان و تاکەکەس، لەپێناو بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاك و خێزان، بوژاندنەوەی باری دارایی و بژێویی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، هاوکاریکردنی ئەو هاوڵاتیانەی دوچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبنەوە، لەڕێگەی:

- دانانی سندوقێکی نیشتمانی کە بڕێک لە بودجەی هەرێمی بۆ تەرخان بکرێ لەپاڵ هاوکاری هاوڵاتیان و باجی سەر کۆمپانیا و هاوڵاتییە خاوەن دەرامەتە بەرزەکان بەپێی یاسایەک کە لەپەرلەمانەوە دەربچێ، بە پێرەوکردنی پێوەرە ئابوریە زانستیەکان بە مەبەستی پێناسەکردنی تاکی هەژار و خێزانی هەژار و شێوازی هاوکاریکردنیان.

- چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری لەڕێگەی دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ ئەو هاوڵاتیانەی توانای کاریان هەیە لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و موچەی خانەنشینی بۆ هەمو ئەو هاوڵاتیانەی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کاردەکەن کاتێ روبەڕوی قەیرانی تەندروستی دەبنەوە یان دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، لەپێناو رێگرتن لە هەڵاوسانی کەرتی گشتی حکومەت و هاندانی کەرتی تایبەت.

2. پێگەیاندنی منداڵان و نەوجەوانان:

- ئەرکی حکومەتە منداڵ و نەوەی نوێ پێبگەیەنێ بەمەبەستی خوێندنی تەوزیمی، پێگەیاندنی جەستەیی و دەرونی، ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بواری گشتی و بنیاتنانی وڵاتدا.

- ئەرکی سەرۆکی خێزانەکەشێکی دەرونی و جەستەیی گونجاو بۆ منداڵانی خێزانەکەی دابین بکا. سەرۆکی خێزان "دایک بێ یان باوک" لەڕوی یاساییەوە بەرپرسیارە لە خراپ پەروەردەکردنی منداڵ، لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە سنوری خێزاندا دوچاری ببێتەوە.

- حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەڕوی یاساییەوە، بەرپرسیارن لەخراپ پەروەردەکردنی منداڵ و لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە دەرەوەی سنوری خێزان، لە قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و شوێنە گشتیەکاندا، روبدات.

- بایەخدان بە وەرزش، پەروەردەی جەستەیی، گەشتی زانستی و حەوانەوەی دەرونی منداڵان و نەوجەوانان و قوتابیان.

- گرنگیدان بە رۆشنبیریی و چاپەمەنیی منداڵان و کردنەوەی کەناڵی تایبەت بە کارتۆن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ بە وێنەی رەنگین و زمانی کوردیی پاراو.

- قەدەغەکردنی کارپێکردن و بەسوخرەگرتن و سواڵکردن بە منداڵان، گرتنەبەری سزا و رێوشوێنی پێویست لەو پێناوەدا.

3. کارکردن بۆ چارەسەرکرنی کێشەی گەنجان لەرێگای:

- بەدواداچونی کێشەی هەمو ئەو خوێندکارانەی کە لە ساڵانی رابردودا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەرچون و لە کار و دەرفەتی دامەزراندن بێبەشکراون. کردنەوەی ئۆفیسێکی تایبەت بۆ سەرژمێرکردن و وەرگرتنی زانیاریی پێویست لەبارەیانەوە تا لە دەرفەتی گونجاودا بەگوێرەی پسپۆڕیی و لێهاتوییان کاریان لە حکومەت، کەرتی تایبەت، پرۆژەکانی داهێنانی گەنجان، سەرمایەگوزرایی و کۆمپانیاکانی ئاوەدانیدا بۆ بدۆزرێتەوە.

- بەدواداچونی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی گەنجان، دواندن و کردنەوەی ۆرك شۆپ و راپرسی زانستی لە هەمو ناوچەکاندا سەبارەت بە هۆکاری لاوازبونی بەشدارییان لە کاروباری سیاسی و کارگێریی و بواری گشتیدا، کێشەی رەبەنی، قەیرانی بێباکی و بێئومێدیی.

- قەدەغەکردنی ئەو کۆششە سیاسی و حیزبیانەی دەخرێنەگەڕ بۆ خراپ پەروەردەکردنی گەنجان بە کڕینی ویژدانیان، داماڵینی سەربەخۆیی و ئیرادەی ئازادیان، دەستوەردان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی گەنجان و خوێندکاران و سەپاندنی ویستی کەسە دەستڕۆیشتوەکانی حیزب بەسەر گەنجاندا.

- کردنەوەی پەیمانگای پیشەی بی ستانداردی جیهانی لە بوارەکانی کارەبا ، ئەلیکترۆنیات ، بیناسازی ، دارتاشی ، ئاسنگەری ، فیتەری ، بۆڕیچێتی ، بۆیاخکاری ، باخەوانی و ریکلام ... هتد بۆبەشداریکردنی کارا لەپێشخستنی ئەم پیشانەو دۆزینەوەی هەلی کار و بایەخدان بەکەرتی تایبەت.

- سازدانی هەڵمەتێکی نیشتمانیی، کۆمەڵایەتیی و ئاینی، سەبارەت بە کێشەی رەبەنی، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی، گەڕان بەدوای چارەسەری گونجاودا.

- چالاككردنی سیستمی پێشینی دارایی هاوسەرگیریی، پرۆژەكانی بنیاتنانی باڵەخانە و كامپی نیشتەجێبون بۆ ئەو گەنجانەی بڕیاری هاوسەرگیریی دەدەن.

- بایەخدان بە تواناو بەهرەی هونەریی و ئەدەبی و رۆشنبیریی گەنجان، دامەزراندنی دامودەزگای پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

- كاركردن بە سیستمێكی بانكیی بۆ بەخشینی قەرزی درێژخایەن بەو گەنجانەی كە پرۆژەی هەرەوەزیی هاوبەش پێشكەش دەكەن لە بواری بەرهەمهێنان و داهێناندا.

4. پێرەوكردنی دادی كۆمەڵایەتی و یاسایی لەنێوان هەردو رەگەز و بایەخدان بە رۆڵی ئافرەتان لەرێگای:

- خستنەگەڕی گوشار و كۆششی پەرلەمانی و مەدەنی بۆ قەڵاچۆكردنی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و نەریتانەی كە جیاكاریی لەنێوان دو رەگەزەكەدا دروستدەكەن، لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوریی، كۆمەڵایەتی، كارگێڕی، یاسایی، مەدەنی، خێزانی، پەروەردەیی و رۆشنبیریی.

- گوشارو كۆششی پەرلەمانی و مەدەنی بۆ قەڵاچۆكردنی هەمو جۆرەكانی توندوتیژیی جەستەیی و رۆحی دژی رەگەزی مێینە، لە خێزانەوە بۆ كۆمەڵگا و نێوەندەكانی خوێندن و كارگێڕی تا دامودەزگا باڵاكانی دەوڵەت. حكومەت ئەركی سەرپەرشتیكردنی دارایی، دەرونی، كۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبونی ئەو ئافرەتانە دەگرێتەئەستۆ كە دوچاری توندوتیژیی و كێشەی كۆمەڵایەتی و خێزانی دەبنەوە.

- ئەنجامدانی هەڵمەتێكی پەرلەمانی، مەدەنیی، رۆشنبیریی، ئاینی و كۆمەڵایەتی بۆ هوشیاركردنەوەی هاوڵاتیان لە گوند و شار و شارۆچكەكان سەبارەت بە بایەخی ئازادییو مافە مەدەنی و سیاسیەكانی ئافرەتان، سەبارەت بە بایەخی بەشدارییان لە دامەزراندنی دەوڵەتی مەدەنی مۆدێرن و بەرهەمهێندا.

- قەدەغەكردنی هەر جۆرە هەراسانكردنێكی سێكسی دەرهەق بە رەگەزی مێینە. سزادانی توندی ئەو بەرپرسە سیاسی و حكومی و حیزبیانەی كە پۆستەكانیان بۆ ئەو مەرامە بەكاردەهێنن.

- تەرخانكردنی بودجەیەكی گەورەتر بۆ چاودێریی كۆمەڵایەتی و تەندروستی، موچە و بیمەی دایك لە قۆناغی دوگیانی، زەیستانی و بەخێوكردنی منداڵدا.

- هاوكاريى دارايى، بيمەى كۆمەڵايەتى، كردنەوەى خولى راهێنان و دابينكردنى موچەى خانەنشينى، لە كاتى تەمەنى ياساييدا، بۆ ئافرەتە بەرهەمهێنەكانى ناوماڵ، وەك بەرگدرو، فەرشچن و خانمە دەسترەنگينەكان بەگشتى.

- تەرخانكردنى رێژەى مەدەنيى شياو بۆ ئافرەتان لە هەمو دامودەزگاكانى دەوڵەت و فەرمانگە و ئەنجومەنەكانى نوێنەرايەتيكردن و كارگێريدا. پێرەوكردنى بيرۆكەى «جياكاريى پۆزەتيف» وەك لە هەندێك وڵاتى پێشكەوتودا كارى پێدەكرێت، بەو مانايەى ئەگەر پياوێك و ئافرەتێك، بەهەمان توانا و لێهاتوييەوە، بۆ پۆستێك پاڵێوران ئافرەتەكە پێشدەخرێت.

- لەسەر بنەماى جياكارى پۆزەتيف لەدامەزراندنى فەرمانبەرانى نوێدا حكومەتى هەرێم رێژەيەكى زياتر  بۆ ژنان رەچاوبكات.

5. پاداشتكردن و هاوكاريكردنى پێشمەرگە، كەسوكارى شەهيدان، قوربانيانى ئەنفال و كيمياباران، زيندانيە سياسيەكان، قوربانيانى جەنگەكانى سەردەمى داگيركردن، قوربانيانى شەڕى ناوخۆ، هەمو ئەو كەسانەى كە لەپاى كوردستانيبون ستەميان لێكراوە، گيان و ئەندامى جەستەيان لەدەستداوە، ماڵ و حاڵيان بەخشيوە. پێويستە لە پاداشتكردن و هاوكاريكردنى ئەم توێژەدا گوێنەدرێتە پێشينى سياسى و پێگەى كۆمەڵايەتى و جوگرافييان، پێويستە لە پەرلەمان و دەزگا پەيوەنديدارەكاندا بەرگرى لە مافيان بكرێ لەڕێى كاراكردنى سيستمى موچە، بيمەى كۆمەڵايەتى و تەندروستى، دابينكردنى شوێنى نيشتەجێبونى شارستانى بۆ پێشمەرگە و قوربانييە زيندوەكانى كوردستان.

6. هاوكاريكردنى قوربانيانى قەيرانە كۆمەڵايەتى و ئابوورييەكان لەڕێگاى:

- كاركردن بۆ چارەسەرى كێشەى بێماڵى و كرێچێتى و جێبەجێكردنى پرۆژەى گەورە لە بوارى نيشتەجێبونى هاوڵاتياندا.

- دۆزينەوەى باندەكانى بازرگانى و قاچاخچێتى مادە هۆشبەرەكان لە ناوخۆ و دەرەوەدا و دروستكردنى ليژنەى ئەمنى هاوبەش لەگەڵ وڵاتانى دراوسێدا لەو پێناوەدا.

- پێرەوکردنی مامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانیان وەک قوربانیی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییەکان. ئەرکی حکومەتە کەشێکی مرۆڤانەیان لەڕوی جەستەیی و مەعنەویی و فێرکارییەوە بۆ دابین بکات، پاش تەواوکردنی ماوەی یاساییان لە زینداندا لەناو کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی وڵاتدا جێگەیان بکاتەوە.

- چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێحاڵ و ماڵ، دێوانەکانی سەر جادە، دیاردەی سواڵکەریی بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا، بەسوخرەگرتنی منداڵ و نەوجەوانان بەرامبەر کرێیەکی کەم، بڵاوبونەوەی تۆڕەکانی لەشفرۆشی.

- رێزگرتنی پەناهەندەکانو دابینکردنی کامپ و شوێنی ژیانی شیاو بۆیان، رێزگرتنی کرێکارە بیانییەکان کە لە پرۆسەی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا کاردەکەن. بەدواداچونی کێشەی زوڵملێکردن و خراپ بەکارهێنانیان ئەرکی حکومەتە.

7. چاککردنی سیستمی خانەنشینی، بەیاسا، لەڕێگای:

- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە خانەنیشینی، بەجۆرێك شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندوبونی مرۆڤی بەرهەمهێن و رەنجدەر بێت لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

- هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەمو ئەو یاسا و بڕیارە تایبەتانەی کە بۆ خانەنشینکردنی وەزیر، پەرلەمانتار، پلە تایبەتەکان و بەرپرسان و ئەندامانی حیزب دەرچون، کە هەندێکیان نایاسایی و هەندێکیشیان بەیاسا رێکخراون، بەجۆرێك تەنها یەك پێوەر بۆ دیاریکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بەسەر هەمو فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، بێ جیاوازی، جێبەجێ ببێ.

- بەرزکردنەوەی موچەی خانەنشینی خاوەن پلە وەزیفییە نزم و ناوەنجیەکان و کەمکردنەوەی موچە زۆرەکان.

- دابینکردنی موچەی خانەنشینی بۆ کرێکاران، جوتیاران و بەرهەمێنەرانی ناو ماڵ و کەرتی تایبەت.

8. هاوکاریکردنی زیاتری خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە رێگای:

- پشتیوانیکردنی مادییو مەعنەوییو پەروەردەیی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، ئەوانەی بەزکماك یان بەهۆی روداوەوە ئەندامێکی جەستەیان لەدەستداوە یان توشی

نەخۆشیەکی درێژخایەن بون. ئەرکی حکومەتە وەك هەمو هاوڵاتیانی تر ئامادەیان بکات و لە کۆمەڵگە و حکومەتدا جێگەیان بکاتەوە.

- دارشتنەوەی یاساو رێنماییەکان سەبارەت بە پەروەردە، هاتوچۆ، کارگێرِیی، هونەر و راگەیاندن، بەجۆرێك جێگەی خواستی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکانی تێدا ببێتەوە.
- دامەزراندن و کاراکردنی رێکخراو و دامودەزگای تەندروستی و کۆمەڵایەتی و قوتابخانەی تایبەت بۆ پشتیوانی مادیی و مەعنەویی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان. برِینەوەی موچەی تایبەت بۆ ئەو خێزانانەی ئەرکی چاودێریکردنیان لە ئەستۆ دەگرن.
- دۆزینەوەی شوێنو دەرفەتی کاری تایبەت بۆ ئەوانەی توانای بەرهەمهێنانیان هەیە. برِینەوەی موچە بۆ ئەوانەی توانای کاریان نیە.

9. چاودێریکردن و هاوکاریکردنی پەککەوتە و بەساڵاچوان لەرِێی چاکسازیی لە دامودەزگاکانی چاودێریی پەککەوتە و بەساڵاچواندا بە دابینکردنی شوێن و کەشی ژیانی لەبار بۆیان لەروی جەستەیی و دەرونییەوە. هەروەها لەرِێی پشتیوانیکردنی دارایی ئەو خێزانە نەدارانەی کە ئەرکی چاودێریی بەساڵاچوان و پەککەوتە دەگرنە ئەستۆ.

10. دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران لە رِێگای:

- پێداچونەوە بە سیستمی موچە و راژەی فەرمانبەرانی هەرێمدا، بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان، بۆ راگرتنی ئاستێك لە دادپەروەریی شیاو لەنێوان پلەکانی موچەدا.
- پێداچونەوە بە موچە و دەرماڵەی مامۆستایان و فەرمانبەراندا بەجۆرێك ئەو برِە پارەیەی وەریدەگرن شایەنی ماندوبون و کۆششیان بێت لە بنیاتنتانی وڵات و ئامادەکردنی نەوەی نوێدا.
- پێرِەوکردنی سیستمێکی دادپەروەرانە بۆ پاداشت و کاری ئۆڤەر تایم، بۆ جیاکردنەوەی پاداشتی بەرهەمی باش لە بەرهەمی ناوەنجی و خراپ.

- خەرجکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ، دەرەوەی شار، کاری مەترسیدار، بەشێوەیەك لەسەرو ئەو بڕەوە بێت کە ئێستا هەیە.

- دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبون بۆ مامۆستا و فەرمانبەرە خێزاندار و کرێچیەکان.

- دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە لە فەرمانگە و شوێنەکانی کاردا بۆ کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە، چ لەڕوی دارایی و چ لەڕوی ئاکاری کارەوە.

- قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستە و شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی.

11. پشتیوانیکردنی هەدو توێژی کرێکاران و جوتیاران لەڕێگای:

- هاندانی هێزی کاری کوردستانی لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا.

- چالاککردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران بەجۆرێك گوزارشت لە خەم و داواکاریی ئەو دو چینە بکەن‌و نەچنە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسیەوە.

- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی خێزانی و خانەنشینی بۆ ئەو کرێکارو جوتیارانەی کە دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، یان لەکاتی کار و بەرهەمهێناندا دوچاری گیان لەدەستدان، کەمئەندامی، نەخۆشی و جۆرەکانی تری مەترسی دەبنەوە.

12. دابینکردنی کەشێکی لەبار بۆ بازرگان و کاسبکاران لە ڕێگای:

- ڕێگریکردن لەهەر جیاکاریەك کە لەنێوان بازرگاناندا دەکرێت، ڕێگریکردن لە بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی کارو قازانج لەبەردەم هەندێك بازرگاندا بەقازانجی هەندێکی تر، کە بەهۆی خزمایەتی، ئینتمای حیزبی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێروە ئەنجام دەدرێت.

- لابردنی ئەو کەند و کۆسپە بیرۆکراتیانەی کاسبکار، دوکاندار، خاوەن مارکێت و وەستا و پیشەوەرەکان جاڕس دەکەن. دابەشکردنی خزمەتگوزاریی و پێداویستیە مەدەنیەکان بۆ گەشەدان بە بازاڕ بەشێوەیەکی ئاسۆیی.

- کارئاسانی بۆ شۆفێرە گشتیەکانی نێو شارو هێڵەکانی دەرەوە، ئەرکی حکومەتە کەشێکی دەرونی لەباریان بۆ دابین بکات و ڕێگە نەدات مامەڵەی نامرۆڤانەیان

لەگەڵ بکرێت. ئەرکی حکومەتە ئۆتۆمبێل و قەرزی درێژخایەنیان بۆ دابین بکات، لەکاتی روداو و لێقەوماندا بە هانایانەوە بچێت و پێداویستیی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکات، لەکاتی پیربون و پەککەوتندا موچەی خانەنشینییان بۆ ببڕێتەوە.

- کارئاسانی بۆ فرۆشیارە دەستگێڕەکان، کتێب فرۆش و شمەك فرۆشەکانی سەر جادە، ئەرکی حکومەتە، بەرلەوەی دەرفەتی کاریان لە شوێنە گشتییەکاندا بەرتەسك بکاتەوە، شوێنی کاری شیاویان بۆ دابین بکات. بیمەی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و موچەی خانەنشینییان لە تەمەنی یاساییدا بۆ دابین بکات.

13. بایەخدان بە رەوەندی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات لە رێگای:

- گۆڕینی ئەو بڕیار و رێنمایی و نەریتە بیرۆکراتیانەی کە هاندەر نین بۆ بەشدرایی رەوەندی دەرەوە لە بواری رۆشنبیریی، سیاسی، زانستی و تەکنۆکراتی لە حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمدا.

- کڕینەوەی ئەو وزە و توانا کوردیانەی کە لە زانکۆ جیهانیەکاندا، یان لە نەخۆشخانە و کۆمپانیا و شوێنە هەستیارەکاندا کاردەکەن و بەگەڕخستنیان لە حکومەت و دامودەزگاکانی هەرێمدا.

- بایەخدان بە نەوەی دوەمی رەوەندی کوردستان، لەڕوی دروستکردنی کەناڵەکانی پەیوەندیی لەگەڵیاندا و ئاشناکردنیان بە زمان و فەرهەنگ و کەلەپوری ناوخۆ.

## بەشی سێیەم
## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
## لەسەر ئاستی پارێزگاکان

### تەوەری یەکەم:

### چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی

بنیاتنانی سیستمێکی سیاسی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە هاوتەریب لەگەڵ دنیای مەدەنیدا گەشە بکا، بەبێ چەسپاندنی نەناوەندێتی (لامەرکەزیەت)ی کارگێڕیی کارێکی ئاستەمە. سەرەکیترین مەرجی دیموکراسی هاوچەرخ بریتیە لە دابەشکردنی دەسەڵات و ئەرکەکان؛ بەڵام ئەو دابەشکردنە تەنها لەنێوان دەسەڵاتەکانی یاسادان و راپەڕاندن و دادوەریدا کورت نابێتەوە، بەڵکو درێژ دەبێتەوە بۆ دابەشکردن لەنێوان دەسەڵاتی یەکە کارگێڕییە جیاوازەکان و دەسەڵاتەکانی پایتەخت و پارێزگا و شارەوانیەکانیش.

چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕیی رێگری دەکا لە دروستبونی دیکتاتۆریەت و گردبونەوەی دەسەڵات لە تەنها شوێنێکدا، هەروەک رێگری دەکا لە چڕبونەوەی ئەرک و فەرمان لە دەستی تاکە هێزێکدا. پێڕەوکردنی "نەناوەندێتی" رێگری دەکا لە بیرۆکراسی و رۆتین، کارئاسانی بۆ هاوڵاتیان دەکا لە فەرمانگە حکومیەکاندا، هەورەک کارئاسانی بۆ حکومەت و پەرلەمانیش دەکا، وەزارەتەکان دەتوانن زیاتر خۆیان بۆ پرۆژەی نیشتمانی سەرتاسەری تەرخان بکەن و سەرقاڵ نەبن بەو کارانەی کە دەکرێ راستەوخۆ لە پارێزگاکانەوە بێ گەڕانەوە بۆ دیوانی وەزارەتەکان ئەنجام بدرێن.

لەڕوی سیاسیەوە، نەناوەندێتی پێشمەرجی دیموکراسی هاوچەرخە، چونکە دیموکراسی سیاسی بەبێ دیموکراسی کارگێڕیی تەنها دروشمێکە و لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیدا رەنگ ناداتەوە. نەناوەندێتی لەڕوی کارگێڕییەوە حکومەتێکی چوست دروستدەکا، کە تیایدا فەرمانگە و یەکە کارگێڕیەکان ئەرک و دەسەڵاتەکانی خۆیان دەزانن و راستەوخۆ کاری هاوڵاتی رایی دەکەن. لەڕوی داراییەوە دادپەروەریی زیاتر دابین دەکا، بەتایبەتی لەو بابەتانەدا کە پەیوەندیدارن بە کۆکردنەوەی باج و رسومات و سەرفکردنی داهاتەکانیان لە سنوری پارێزگا و شارەوانیدا. لەڕوی کۆمەڵایەتی و گەشەی مرۆییشەوە "نەناوەندێتی کارگێڕیی" هاوئاهەنگی و پەیوەندیی مرۆڤانەی نێوان هاوڵاتی و فەرمانبەر

بەهێزتر دەکا، گیانی ناوچەگەریی و شارچێتی لاواز دەکاو کێبڕکێی مەدەنی لەنێوان پارێزگا و شارەوانیە جیاوازەکاندا دروست دەکا.

ئەو سیستمە کارگێڕییەی کە ئێستا لە هەرێمدا کاری پێدەکرێ تێکەڵەیەکە لە دەسەڵاتی مەرکەزی و حیزبۆکراتی، لەو شوێنانەدا کە پێویستە پارێزگاکان دەسەڵاتی خۆیان پیادەبکەن چەندین ڕێگریی مەرکەزیی بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و یەکە کارگێڕیەکان دروستدەکرێ، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان چەندین کۆسپی بێرۆکراتی بۆ پارێزگاکان و چەندین کەند و ڕۆتینیش بۆ هاوڵاتیان دروست دەکەن. لەو شوێنانەشدا کە پێویستە هەرێم پرۆژەی نیشتمانی خۆی لەسەر ئاستی هەمو هەرێم پیادەبکا و بودجەی نیشتمانی لە پەرلەماندا پەسەند بکرێ، دەسەڵاتی هەردو حیزبی حوکمڕان سەرهەڵدەدا و ڕێگریی سیاسی و کارگێڕیی بۆ یەکتر دروستدەکەن و بودجە بەگوێرەی کانتونی حیزبی دابەش دەکەن، لە کاتێکدا قەڵەمڕەوی هەردو حیزبی دەسەڵاتدار بەپێی دابەشبونی یەکە کارگێڕیەکان نیە، بەڵکو بەپێی ئەو سنورەیە کە پارێزگای سلێمانی و بەشێک لە پارێزگای هەولێری جیاکردۆتەوە لە پارێزگای دهۆک و بەشەکەی تری پارێزگای هەولێر، بەبێ بونی هیچ سەنەدێک کە شەرعیەت ببەخشێتە ئەو دو قەڵەمڕەوە حیزبیە.

چەسپاندنی نەناوەندێتی کارگێڕی و فراوانکردنی دەسەڵاتی پارێزگاکان، زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆتایی بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەتی بێبەرهەم بێت، هەروەک زەمانەتی ئەوەش دەکا کۆتایی بەو دو قەڵەمڕەوە حیزبیەی هەرێم بێت کە دەسەڵاتی ڕاستەقینەیان نە بۆ پارێزگاکان، نە بۆ پەرلەمان و نە بۆ ئەنجومەنی وەزیرانیش نەهێشتوتەوە.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بەئامانجی:

1. بەیاساییکردنی نەناوەندێتی کارگێڕیی و چەسپاندنی لە پرۆژەی دەستوری هەرێمدا.
2. دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵاتی یەکە کارگێڕیەکانی هەرێم لەسەر بنەمای دابینکردنی فراوانترین ئاستی نەناوەندێتی کارگێڕی بۆ پارێزگاکانی هەرێم، بە جۆرێک هەر پارێزگایەک یەکەیەکی کارگێڕیی سەربەخۆ پێکبێنێ و خاوەن دەسەڵاتی کارگێڕیی و دارایی سەبەخۆی خۆی بێت.
3. هەمو پارێزگایەک ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو و حکومەتێکی مەحەلی لە شێوەی ئەنجومەنێکی ڕاپەڕاندندا هەبێ، پارێزگار وەک سەرۆکی یەکەی کارگێڕیی سەرپەرشتی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی پارێزگا بکا.
4. دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگا بریتی دەبێ لە:

- چاودێریکردن و ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕیی، پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی بەڕێوەبەرە گشتی و فەرمانبەرە حکومیەکان لەسەر ئاستی پارێزگا.
- دانانی سیاسەتی پارێزگا سەبارەت بە پرۆژەکانی ئاوەدانی، بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری، ماستەر پلان، شارەوانیەکان و گەشتوگوزار.
- دانانی بودجەی پارێزگا و بەرگریکردنی لە بەرکەوتی پارێزگا لەناو بودجەی هەرێم و هەموارکردنی ئەو بەشانەی بودجە کە پەیوەندییان بە پارێزگاوە هەیە.
- دانان و سەرپەرشتیکردنی داهاتی تایبەتی پارێزگا کە پەیوەندیی بە باج و رسومات و پرۆژە قازانجکەرەکانەوە هەیە.
- پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوەی ئەو پلان و پرۆژانەی وەزارەتەکان لەو شوێنانەدا کە پەیوەندییان بە سنورو دەسەڵاتی پارێزگاوە هەیە.
- هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دەزگا ئەمنیەکانی هەرێم بۆ دانانی پلانی ئەمنی پارێزگا لە کاتی پێویستدا.

5. دابەشکردنی ئەرک و دەسەڵات بەسەر یەکە کارگێڕییەکانی خوار پارێزگادا (قەزا، ناحیەو گوند) بەجۆرێک هەر یەکێک لەو یەکە کاگێڕیانە دەسەڵاتی کارگێڕی و دارایی سەربەخۆی خۆیان لە سنوری خۆیاندا هەبێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پارێزگادا.

**تەوەری دوەم:**

## کاراکردنی رۆڵی شارەوانیەکان

وەک چۆن کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیوە کارگێڕیەکەی دیموکراسی دەستەبەر دەکا، کاراکردنی رۆڵی ئەنجومەنی شارەوانیەکانیش دیوە خزمەتگوزرای و مەدەنی و کولتوریەکەی سیمای شارو کۆمەڵگای مەدەنی مسۆگەر دەکا.

بەدرێژایی حوکمی بەعس، لەپاڵ وێرانکردن و داگرتنی گوندو ناوچە کەناریەکاندا، شارو شارۆچکەکانیش روبەڕوی هەڵمەتی وێرانکاری، شێواندنی سیمای مەدەنی و تێکدانی باری دیموگرافی بونەوتەوە... سەرەنجام لەنێوان تێکدانی گوندو تێکدانی شاردا کولتورێکی کرچ و نەرتێکی تێکەڵ و شێوێندراو دروستبوە کە نە کولتوری شار بوە نەکولتوری لادێ. پاش راپەڕینیش، نابوتکردنی دەزگاکانی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوە فەرمیەکان، تۆخکردنەوەی دەسەڵاتی مەحەلی حیزب لە شارو شارۆچکەکاندا، پەنابردن بۆ مەکتەبی کۆمەڵایەتی حیزب و دادگای خێڵەکیی و حیزبیی، شەڕی ناوخۆ و سەرلەنوێ بەمیلیشیاکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردیی، داگیرکردن و بەپاشکۆکردنی رێکخراوە مەدەنییەکان لەلایەن حیزبەوە...، کۆمەڵێك دیاردەی مەترسیدار بون کە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و کۆمەڵگەی شارییان بەتایبەتی بە شێوێندراوی هێشتەوە.

شارەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، وەک شارەوانی  هەمو ئەو وڵاتە دواکەوتوانەی کە سیخناخن بە نەریتی مەرکەزی، پەراوێزخراون و کراون بە پاشکۆی دیوانی وەزارەتی شارەوانی و دەسەڵاتی مەحەلی حیزبە دەسەڵاتدارەکان. ئەرک و دەسەڵاتی شارەوانیەکان کورتکراوەتەوە بۆ  هەندێ کاری بیرۆکراتی، وەک پێدانی مۆڵەتی خانوبەرە، پاککردنەوەی خۆڵ و خاشاکی سەر شەقام و کۆڵانەکان، لەپاڵ هەندێ وردە کاری رۆتینی تردا کە ناچێتە ئاستی شکۆی شارەوانی لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا. لێرەوە بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە، کە پێویستە رۆڵی شارەوانیەکانی کوردستان بەجۆرێک کارا بکرێ هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی و حیزبی و کارگێڕیی لە سنوری شارەوانیدا نەچێتە سەرو دەسەڵاتی شارەوانیەوە، چونکە کاراکردنی رۆڵی شارەوانیەکان مەرجی تەواوکاری دابەشکردنی دەسەڵات و بەدامەزراویکردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانە.

لەم پێناوەدا بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا بەئامانجی:

1. دانانی ئەنجومەنی شارەوانی بۆ ئەو شارو شارۆچکانەی کە ژمارەی دانیشتوانیان لەسەرو سێ هەزار کەسەوەیە لەڕێگای هەڵبژاردنی راستەوخۆوە، بەجۆرێک لە

کاندیدکردنی ئەندامانـدا ڕەچاوی ناوبانگی کۆمەڵایەتی و پیشەیی، مەرجی لێهاتوویی و پسپۆڕیی بکرێ بەر لەهەر مەرجێکی تری سیاسی یان حیزبی.

2. جیاکردنەوەی ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لە ئەرک و دەسەڵاتی وەزارەتی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگاکان بەپێی یاساو ڕێنمایی تایبەت، بەجۆرێک دەسەڵاتی پارێزگا و وەزرەتەکان تەنها دەسەڵاتێکی کارگێڕی پەتی بێت و ڕێز لە دەسەڵات و سەربەخۆیی شارەوانیەکان بگرن.

3. ڕێگریکردن لە دەسەڵاتی مەرکەزی و مەحەلی حیزبەکان لە کاروباری شارەوانیەکاندا.

4. سەرپەرشتیکردنی پلان و نەخشەی بنەڕەتی و گۆڕانکاری لە نەخشەی بنەڕەتی شارو شارۆچکەکاندا لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانیەکانەوە دور لە دەستێوەردانی حیزبی و شەخسی، بەهاوئاهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و حکومەت، وەک ماستەر پلان و نەخشەی سەرەکی شار، نەخشەی گەڕەکەکان، نەخشەی شەقام و کۆڵانەکان، نەخشەی تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و هێڵەکانی کارەبا، نەخشەی دابەشبونی پارک، ناوچەی سەوز، قوتابخانە، مزگەوت و شوێنە پیرۆزەکان، یاریگا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری، فەرمانگە و مەیدانە گشتیەکان.

5. ناونانی شەقام و گەڕەک و مەیدانە گشتیەکان لە لایەن شارەوانیەکانەوە، بەگوێرەی مێژو و تایبەتمەندی شار، بەڕەچاوکردنی مەرجە ڕۆشنبیری و زمانەوانیەکان، دور لە هەر دەستێوەردانێکی حیزبی و شەخسی.

6. سەرپەرشتیکردنی بودجەی شارەوانی، شێوازی خەرجکردنی، کۆکردنەوەی داهاتی تایبەت لە ڕێگەی باج، کرێی شوێنە گشتیەکان، رسومات، داهاتی ریکلام لە شوێنە گشتیەکان و غەرامەی سەرپێچیکەران و جۆرەکانی تری داهات.

7. پاراستنی هارمۆنی (پێکەوەگونجان) لە دیمەنی گشتی شاردا، لە شەقام و شوێنە گشتیەکاندا، لە رادەی بەرزی و رەنگی تەلارو باڵەخانەکاندا، ئەو ئەرکە بە لیژنەیەکی پسپۆڕی ئەندازیاران و هونەرمەندان و کۆمەڵناسان و فەرهەنگ دۆستان و شارەزایانی بیانی بسپێردرێ، بە رەچاوکردنی مێژو و تایبەتمەندیی شار یان شارۆچکە.

8. دامەزراندنی پەیوەندیەکی دروست لەنێوان هاوڵاتیان و ئەنجومەنی شارەوانیدا، کارئاسانی بۆ بەڕێکردنی کاروباری هاوڵاتیان لە شارەوانیەکاندا بکرێ دور لە بێرۆکراسیەت و رۆتین و مەحسوبیەت و دەستێوەردانی حیزب.

9. بایەخدان بە پێناسی مێژویی و گەڕەکی کۆنی شارو شارۆچکەکان، بەشداریپێکردنی رای گشتی سەبارەت بە نەخشەی گشتی شارو شارۆچکە، یان گۆڕینی نەخشەی گشتی و دەسکاریکردنی شوێنی گشتی و مێژویی لە سنوری شارو شارۆچکەدا.

10. سپاردنی هەمو مۆڵەتێکی بنیاتنانی شوێنی گشتی و تایبەت، روخاندن یان نۆژەنکردنەوەی شوێنە مێژوییەکان بە شارەوانیەکان.

11. سپاردنی مۆڵەتی پیشەیی، بەڵێندەرایەتی، کردنەوەی دوکان، بازاڕو ناوچەی بازرگانی بە شارەوانیەکان دور لە دەستێوەردانی حیزبی.

12. سەرپەرشتیکردنی ریکلام و بەکارهێنانی شوێنە گشتیەکان بۆ مەبەستی پروپاگەندەی بازرگانی، تەندروستی، مەدەنی و سیاسی لەلایەن شارەوانیەکانەوە، دور لەهەر دەستێوەردانێکی حیزبی.

13. سەرپەرشتیکردنی فەزا (سپەیس)ی شارو شارۆچکە، رێگرتن لە دیاردەی ئالودەبونی بینین و بیستن (التلوث السمعي والبصري) لە پەیوەندیدا بە ناڕیکی لە دروستکردنی بیناو شوێنی گشتی و تایبەتی، ریکلامی سیاسی و بازرگانی، ئامێرو وایەری موەلیدەی ئەهلی و هەر دیاردەیەکی تر کە ئارامی هاوڵاتیان تێک بدا.

14. بایەخدان بە جوانی و خاوێنی شار و شارۆچکە، سزادانی سەپێچیکەران، سەپاندنی باج لەسەر هەر کەسێک کە جوانی و خاوێنی شار تێک بدا.

15. سەوزکردنی شارو فراوانکردنی روبەری باخ و پارک لە سنوری شارەوانیدا.

16. سازدانی کێبڕکێی ساڵانە بۆ شارو شارۆچکەکان لە سنوری پارێزگادا بۆ دیاریکردنی پاکترین، جوانترین و سەوزترین شار و خەڵاتکردنی لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە.

17. پێڕەوکردنی سیستمێکی تایبەت بۆ فڕێدان و کۆکردنەوەی خاشاک، بەجۆرێک خاشاکی پلاستیکی لە شوشەجات و خاشاکی مەعدەنی و پاشماوەکانی تر جیابکرێتەوە و سەرلەنوێ لە کارگەکاندا ئامادە بکرێنەوە.

18. نەهێشتنی دیاردەکانی بە گوندیکردنی شار، وەک ئاژەڵداری و دیاردەی بەدەوەی لە بابەتی دانانی خێوەت لە کۆڵانەکاندا لە کاتی پرسەدا، یان دانانی بڵندگۆ لە ماڵەکاندا لە بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

19. پشتیوانیکردنی رێکخراوە ناحکومیەکان و گروپەکانی فشار کە لە سنوری شارەوانیدا خۆیان رادەگەیەنن بۆ داکۆکیکردن لە بەها مەدەنیەکان و پاراستنی ژینگە و پێناسی کولتوری و مێژویی شار و شارۆچکەکان.

20. فراوانکردنی روبەری ناوچە گەشتوگوزاریەکان و حەواندنەوەی گشتی، بایەخدان بە گەشتوگوزاری شوێنەوارناسی و مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی تایبەت بە شار.

21. کردنەوەی هۆڵی تایبەت لەسەر ئاستی شار بە گشتی و هەر گەڕەکێک بە جیا بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان.

22. سەرپەرشتیکردنی ئاهەنگ و بۆنە نەوتەوەیی و ئاینەکان و ئەو بۆنانەی کە پەیوەندییان بە مێژوی شار و شارۆچکەوە هەیە.

23. دروستکردنی پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ شارەوانی وڵاتە پێشکەوتوەکان، سودوەرگرتن لە ئەزمونیان، دروستکردنی دەستەخوشک بۆ شارەوانیەکان بەگوێرەی تایبەتمەندیی و دیمەنی شار یان شارۆچکە و لێکچونی بەهی شارو شارۆچکەی وڵاتانی تر.

24. بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی رێزگرتن لە میوانی بیانیو کارلێکی مەدەنیی نێوان گەلان.

25. وەرگرتنەوەی هەر شوێن و موڵکێکی گشتی کە لەلایەن حیزب و هێزە سیاسیەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابێت. تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن شارەوانیەکانەوە لەو حیزب و لایەنانەی کە موڵکی شارەوانی، شوێنی گشتی و فەزای گشتی وەک بارەگای حیزبی یان بۆ پروپاگەندەی حیزبی بەکاردێنن.

**تەوەری سێیەم:**

## پلانسازیی بەگوێرەی تایبەتمەندیی پارێزگا و شارەوانیەکان

پارێزگا و شارو شارۆچکە و گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی خاڵی هاوبەشیان هەیە و لە چوارچێوەی هەرێمدا هەموویان کۆدەبنەوە، خاڵی جیاوازیشیان هەیە و تایبەتمەندیی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان هەیە... بۆیە پێویستە رێز لەو جیاوازی و تایبەتمەندیانە بگیردرێ، بەناوی بەرژەوەندی نیشتمانیەوە پاکتاو نەکرێن و غەدر لە هیچ شارو شارۆچکە و ناوچەیەک نەکرێ.

هەر یەک لە پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، هەروەها ئیدارە تایبەتەکان و ئەو قەزایانەی کە لە پلاندایە بکرێنە پارێزگا.. تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، بازرگانی و فەرهەنگی خۆیان هەیە، کە دەبێ لەپاڵ بنیاتنانی قەوارەی نیشتمانی هەرێمدا رێز لەو تایبەتمەندیانەش بگیردرێ و نەبنە قوربانی دروشمی نیشتمانی قەبەو بێ ناوەرۆک.

دانیشتوانی هەمو پارێزگا و شارو قەزاو ناحیەو گوندەکانی هەرێم، بۆیان هەیە داوای بەرکەوتی خۆیان و ناوچەکانیان بکەن لە بودجەی هەرێم و پرۆژە نیشتمانیەکان، پێویستە لە دانانی دەروازەو سێکتەرەکانی بودجەی نیشتمانیدا پرۆژە و پێشنیازی پارێزگاکان بەهێند وەربگیردرێ، مافی بەرگریکردن لە بەرکەوتی مەحەلی بۆ هەمو پارێزگا و شارەوانی و ناوچەیەک پارێزراو بێت... پێویستە کار بەو نەریتە بکرێ کە هەمو هاوڵاتیەک بۆی هەیە بەرگری لە بەرژەوەندی خۆی و خێزان و ناوچەو شار و گەڕەکەکەی بکا، چونکە ئەو بەژەوەندیە تایبەتانە ناکۆک نین لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا، بەڵکو تەواوکەری بەرژەوەندی نیشتمانین و پرۆڤەن بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندیە باڵاکان.

لەم روانگەیەوە بزوتنەوەی گۆڕان کۆشش دەکا لەپێناو:

- رێزگرتن لە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی، مێژویی، ئابوری، بازرگانی، سروشتی و فەرهەنگی پارێزگاو قەزا و ناحیە و ناوچە و گوندەکانی کوردستان بە جۆرێک لەخزمەتی فرەیی و بنیاتنانی قەواریەکی بەهێزی هەرێمدا بێ.

- کارکردن بەو پرنسیپەی کە پێویستە "بەرژەوەندی گشتی" کۆکەرەوەی بەرژەوەندیی تایبەتی ناوچەکان و بەرژەوەندیی شەخسی هاوڵاتیان بێت.

- رەنگدانەوەی ئەو فرەیی و تایبەتمەندیانە، بەگوێرەی ئەم پرۆگرامە سیاسییە، لە پلاتفۆرم و دروشمی هەڵبژاردنی لیستەکانی بزوتنەوەی گۆڕاندا کە لەسەر ئاستی پارێزگا و شارەوانیەکان بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دەکەن.

- دانانی پلانی ساڵانە و پلانی چەند ساڵە، تایبەت بۆ بوژاندنەوەو ئیدارەدانی پارێزگا و شار و شارۆچکە و گوندەکان، بەگوێرەی تایبەتمەندییان، بەلەبەرچاوگرتنی دەستور و یاسا و پرنسیپە گشتیەکانی دیموکراسی و نەناوەندێتی کارگێڕیی.

- پێویستە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگا و شارو ناوچەکان هاوتەریب بێ لەگەڵ بەگژاچونەوەی ناوچەگەری و شارچێتی، چونکە چەمکی هاوشاری و هاودەڤەری لەسەر بنەمای نیشتەجێبون دادەمەزرێ، نەک لەسەر بنەمای خوێن و بنەماڵە و ئەقدەمیەت لە نیشتەجێبوندا. واتە هەمو هاوڵاتیەکی هەرێم و عێراق، هەمو میوان و پەناهەندەیەکی یاسایی، دەتوانی نیشتەجێی هەر شار و ناوچەیەک بێ کە خۆی دەیەوێ، بێ هیچ رێگرییەکی یاسایی و کارگێڕی، بە هەمو ماف و ئیمتیازاتی هاوڵاتیبون و نیشتەجێبونەوە.

- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگای هەولێر وەک پایەختی هەرێم کە پایەختی هاوڵاتیانی کوردستانە بێ جیاوازی، وەک سەنتەرێکی سیاسی کە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم و دامەزراوە نیشتمانیەکانی هەرێمی لێیە، وەک سەنتەرێکی پەیوەندیی نێودەوڵەتی کە بارەگای رێکخراوەکان و ئۆفیسی کونسوڵگەریی زۆربەی وڵاتە گرنگەکانی جیهانی لێیە، وەک سەنتەرێک لەنێوان چەند پارێزگایەکی هەرێم و عێراقدا کە بایەخی بازرگانی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێدەبەخشێ. هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پلان و کارنامەی شارەوانی مەرکەزی شاری هەولێر لەڕوی شوێنەوارناسییەوە وەک یەکێک لە شارە هەرە دێرینەکانی مێژوی مرۆڤایەتی.

- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگای سلێمانی وەک گەورەترین پارێزگای هەرێمی کوردستان لەڕوی دانیشتوان و روبەری جوگرافییەوە، وەک پارێزگایەک کە درێژترین سنوری لەگەڵ ئێران و کوردستانی خۆرهەڵات و کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان هەیە و سروشتێکی هەمەجۆر و دەوڵەمەندی هەیە بەخاک و کان و سامانی سروشتی... هەروەها لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی شاری سلێمانی لەڕوی

مێژووییەوە وەک پایتەختی میرنشینی بابان و حکومەتی شێخ مەحمود و مەڵبەندی زنجیرەیەک روداوی گرنگ لە مێژوی نزیک و هاوچەرخدا، هەروەها وەک ناوەندی فەرهەنگ و ئەدەبیات و شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست.

- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگای دهۆک وەک دەروازەیەکی گرنگی هەرێم بەڕوی تورکیا و یەکێتی ئەوروپادا، هاوسنور لەگەڵ کوردستانی باکور و خۆرئاوا و پارێزگای موسڵدا، وەک دەروازەیەکی بازرگانی گرنگ کە دەکرێ لە ئایندەدا بکرێتە مەڵبەندێکی بازرگانی سەرەکی بۆ هەمو هەرێم و عێراق، هەروەها وەک ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە خاکی بەپیت و ناوچەی گەشتوگوزار و سامانی سروشتی. لەڕوی فەرهەنگی و مێژووییشەوە بایەخی گرنگی هەیە لە مێژوی هاوچەرخدا و مەڵبەندێکی گرنگی شێوەزاری کرمانجی ژوورووە.

- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی پارێزگای کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان، رێزگرتن لە دانیشتوانیان لەڕوی سەلماندنی فرەیی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبیەوە، رەنگدانەوەی ئەو فرەییە لە فەرهەنگی سیاسی و پەروەردەیی و دابەشکردنی پۆست و دامەزراوە ئیداریەکاندا. یەکخستن و بەنیشتمانیکردنی ئاسایش و هێزی پێشمەرگەو بەشداریپێکردنی عادیلانەی پێکهاتە جیاوازەکان لە حکومەتی مەحەلی پارێزگادا بەمەبەستی پێشکەشکردنی نمونەیەکی جوانی حوکمڕانی حیزبە کوردستانیەکان. لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندیی ئابوری و بازرگانی پارێزگای کەرکوک لەڕوی پێگەی جوگرافی و لەڕوی دەوڵەمەندییەوە بە سەرچاوەکانی وزە و سامانی سروشتی، بۆ ئەوەی ببێتە مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی و پیشەسازیی نەوت و گاز، کە بەپلەی یەکەم لە بەرژەوەندیی دانیشتوانەکەیدا بێ.

- بایەخدان بە ئیدارە ناوچەییەکان و رێکخستنی دەسەڵاتەکانیان لەڕوی کارگێڕێ و داراییەوە، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کە لە بەرنامەدایە بکرێنە پارێزگا، وەک هەڵەبجە کە مەڵبەندێکی گرنگە لەڕوی کشتوکاڵی، فەرهەنگی، قوربانیدان و ناوبانگی نیشتمانی و جیهانییەوە، لەپاڵ هەمو ئەو ناوچانەی تری کوردستاندا کە روبەڕوی کیمیاباران و خاپورکردن و جینۆساید بونەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش هاوکات لەگەڵ ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەتی پارێزگاکاندا بەرنامەیەکی تایبەت بۆ بەپارێزگاکــردنی هەڵەبجە ئامادەدەکرێت، بە رەچاوکردنی هەمو تایبەتمەدنیەکانی مەڵبەندی شارەکە و ئەو ناوچانەی دەکەونە سنوری پارێزگاکەوە.

# کۆتایی